# ڕێبەری پەرلەمانتار

## بۆ بەڕێوەبەردنی پرۆسەکانی یاسادانان و چاودێری


د. خامۆش عومەر عەبدوڵا

راوێژکاری پەرلەمانی کوردستان

دانا دارا حسێن

راوێژکاری پەرلەمانی کوردستان



هەولێر

٢٠١٩

سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان
KURISTAN PARLIAMENT - RESEARCH CENTER

چاپی یەکەم- ٢٠١٩

| | |
|---|---|
| **ناوی کتێب:** ڕێبەری پەرلەمانتار بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی یاسادانان و چاودێری | |
| **بابەت:** توێژینەوە | |
| **نووسینی:** د. خامۆش عومەر عەبدوڵڵا – دانا دارا حوسێن<br>ڕاوێژکارانی یاسایی پەرلەمانی کوردستان | |
| **زمانەوانی:** سۆران عەلی | |
| **دیزاین ناوەڕۆک:** سۆران عەبدولڕەحمان | |
| **دیزاین بەرگ:** حامد سەقزی | |
| ژمارەی سپاردن: ٤٤٦ /٢٠١٩ – هەولێر – هەرێمی کوردستان | |

**ناونیشان**
هەولێر: پەرلەمانی کوردستان شەقامی ٦٠ مەتری – بەرامبەر پارکی سامی عەبدولرەحمان
Erbil, 60sAvenue, Kurdistan parliament, Iraq
www.perman.org
KPI-Research center
e.mail: researchcenter42@gmail.com
0750 940 2405 / 0770 405 2747

# بەرایی

یــەکێک لەبنــەما ســەرەکیەکانی پەرلەمانــە چالاکــەکان، پشــتیوانیکردن و دەوڵەمەنــدکردنی ســەنتەرەکانی توێژینــەوەی پەرلەمانیە، بەدابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکان لە زانیاری و کادری راهێنراو و توێژەری تایبەتمەند و دروستکردنی رایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ هاوشێوەکانی لەپەرلەمانەکانی جیهان، چونکە ئەو سەنتەرە سەرچاوەی شیکردنەوەی زانستی سەربەخۆیەو سەکۆیەکی ئەمینە، لەرێگایەوە سەرجەم پەرلەمانتاران لەسەرجەم حزب و کوتلە سیاسیەکان پرسیارو پێویستیەکانیانی ئاراستە بکەن و وەلامی جێی باوەڕی لێ وەربگرنەوە. ئەم جۆرەش لەپێدانی زانیاری رێگا خۆشکەری کاری پەرلەمانی یە لەهەردوو بواری یاسادانان و چاودێریکردن، کەدوو ئەرکی سەرەکی هەر پەرلەمانێکن. ئەرکی سەنتەری توێژینەوەشە بەدوای سەرچاوەکانی زانیاریدا بگەڕێ و شیکردنەوەی پێویست لەبواری ئەرکە سەرەکی و بنەڕتییەکانی کاری پەرلەمانی پێشکەشی پەرلەمانتاران بکات.

پێدانی زانیاری و شیکردنەوەی پێویست لەبارەی دوو ئەرکە سەرەکیەکەی پەرلەمان، یاسادانان و چاودێریکردن، کاری لەپێشینەی سەنتەری توێژینەوەبوو، بۆیە پێش دەستەبەکاربوونی خولی پێنجەم هەردوو راوێژکاری یاسایی پەرلەمان (د. خامۆش عومەر عەبدولا و دانا دارا حسێن) ئەرکی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکیان لەمباریەوە گرتە ئەستۆو بەسوپاسی زۆرەوە بۆ هەوڵ و ماندووبونیان دەیخەینە بەردەستی پەرلەمانتاران بەئومێدی ئەوەی هاوکارو پشتیوانیان بێت لەراپەراندنی ئەرکی چاودێری و ئەرکی یاسادانان.

**فوئاد ئەحمەد**

بەرپرسی سەنتەری توێژینەوە ٢٠١٩/٤/٢٣

# پێشەکی

دیارترین دەسکەوتەکانی مێژوو و شارستانیەتی مرۆڤایەتی بریتی بوو لەبیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری، کەهەریەک لەدەسەڵاتەکانی (یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەری)ن، پێشتر یەک دەسەڵات بوون‌و بەیەکدا چووبوون‌و سروشتی هەریەکەیان دیار نەبوو.

کاتێک باس لەو دەسەڵاتانە دەکرێت کە لە دەستووردا ئاماژەیان پێکراوە، ئەوا راستەوخۆ دەبینرێت، کە ئەم دەسەڵاتانە دابەشکراون بۆ سێ دەسەڵات کە مەبەست لەدەسەڵاتی یاسادانان پەرلەمانە[1]، بەڵام لەبەرئەوەی چالاکی‌و رۆڵی پەرلەمان زیاتر لەبواری پەسەندکردنی یاساکاندا بەدیار دەکەوێت هەربۆیە دەبینرێت ناوی دەسەڵاتی یاسادانان لەپەرلەمان نراوە، سەرباری ئەوەی کە نازناوی پەرلەمان گشتگیرترە.

بەواتایەکی تر پەرلەمان یاسایەک دادەڕێژێت‌و پەسەند ناکات لەبەرژەوەندی‌و پێداویستی رۆژانەی هاووڵاتیاندا نەبێت، بەڵکو پێداویستییەکانی ژیانی هاووڵاتیانە وا لە پەرلەمان دەکات یاسایەک پەسەند بکات یان لە هەندێک کاتی دیکەدا خودی ئەم

(١) لە هەندێك شوێندا ناوی تر بۆ پەرلەمان بەكاردێت لەوانە: كۆنگرێس، ئەنجومەنی گەل، ئەنجومەنی نیشتمانی، هتد.

یاسـایانه هەمـوار بکـاتەوە بەپێـی پێداویسـتیو گۆڕانکارییەکـانی ژیان[1].

دەسـەڵاتی یاسـادانان لە ریزبەنـدی یەکەمـی دەسـەڵاتەکانی تـرەوە دێـت، بەشـێوەیەک لە وڵاتێکـی وەک بەریتانیـا تـوێژەران دەڵـێن پەرلەمـان ئەوەنـدە دەسـەڵاتی هەیە هەر ئەوەیە ناتوانێـت رەگەزی مرۆڤەکـان بگۆڕێت، ئەگینـا دەتوانێت زۆر کـاری گەورە بکات.

پەرلەمـــان لەڕووی زاراوەیـــیەوە بـــریتیە لە دەســـتەیەکی تەشـریعی کە دەسـەڵاتی یاسـادانان پێـک دێنێـتو لە کۆمەڵێـک خەڵـک پێـک دێـت کە بەسیسـتەمی نـوێنەرایەتی هەڵـدەبژێردرێن لەلایەن ئەو هاووڵاتیـــانەی مـــافی دەنگـــدانیان هەیەو ناویـــان لەتۆماری هەڵبژاردندا هاتووە.

پەرلەمـــانی کوردســـتان پێکـــدێت لە یەک ئەنجـــومەنو ئەندامەکانی پێکدێت لە (١١١) ئەندام[2] کە بۆ خولێکی ٤ سـاڵی بە هەڵبژاردنـی لیسـتی نیمچەکـراوە هەڵـدەبژێردرێن بە سیسـتەمی رێژەیی یەک بازنەیی[3] .

---

(١) د.بەختیار غەفور بالکی، پەرلەمانو کاری پەرلەمانی، یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، ٢٠١٣، ل٥١.
(٢) ماددەی یەکەم لە یاسای هەلبژاردنی بەرلەمانی کوردستان- عێراق ژمارە١ی سالی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
(٣) ماددەی دووەمی هەمان یاسا.

ئەرکو دەســەڵاتەکانی ئەم دامەزراوەیە وەک لە یاســاکەیدا هاتووە[1] پێویستە وەک ئەرکێک جێبەجێی بکات، بریتین لەچەند ئەرکێک کە دیارترینیان بریتییە لە یاسادانان و چاودێریکردن.

بەڵام نابێــت ئەو راســتیەش نادیــدە بگــرین،کە دارِشــتنی یاساکان ئەرکی هەموو کەسێکو لەتوانای هەمووانـدا نییە ئەم کارە بکەن، تەنانەت ئەگەر شارەزای یاساو زمانیش بن، چونکە هـونەری دارِشــتنی یاســایی لەرێـگەی ئەزمــوونی کەڵەکەبـوو و پسپۆڕیو زمانی تەشریعیو هەبوونی توانای دارِشتنی دەقەوە وەدی دێت.

ئەم رێبەرەی بەردەستتان بەڵگەنامەیەکی گرنگو نووسراوە بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، تا بەهۆیەوە بەباشترین شێوە پرۆسەی یاسادانان و چاودێریکردن لەپەرلەماندا بەڕێوەبەرن، لە هەمانکاتــدا ئەم رێــبەرە لەبەشــی یاســادانان تەنهــا هەردوو شێوەکەی تەشریع لە پەرلەماندا باس دەکات ئەوانیش (یاساو بڕیارەکان) ن، هەروەها تەنها خەسڵەتەکانی پێشنیاری یاسا باس دەکات نەک پرِۆژەی هاتوو لە حکومەتی هەرێمەوە.

ئامانجەکانی نووسینی ئەم ڕێبەرەلە باری دانانی یاسادا بریتییە لە[2]:

---

(١) ماددەی ٥٦ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

(٢)مجلس النواب العراقي، دليل الصياغة التشريعية، من منشورات مجلس النواب العراقي، بغداد،٢٠١٤، ص١٥.

١. دانــانی میکــانیزم‌و ڕێبه‌ریکردنــی تواناکــانی داڕشــتنی یاســایی له‌لای ئه‌نــدامانی په‌رله‌مــان له‌ پڕۆســه‌ی نووســینی پێشــنیارو پڕۆژه‌یاساکاندا.
٢. زمـانی یاسـایی‌و روونـی‌و سـه‌لامه‌تی نووسـینه‌وه‌ی یاسـاکان، واده‌کات جێبه‌جێکردنی دروستیان بۆ بکرێت.
٣. به‌شـداری ده‌کـات له‌ گه‌شـه‌پێدانی کـای په‌رله‌مـانی، له‌گه‌ڵیـدا گه‌یشتن به‌ حوکمڕانی ره‌شید.

یه‌کێکی تر له‌ئه‌رکه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی ده‌سه‌ڵاتی یاسادانان لـه‌پاڵ یاســادانان چــاودێریکردنی ده‌ســه‌ڵاتــی جێبه‌جێکردنــه‌، ئــه‌وه‌ش لـــه‌پێناو چـــاودێریکردنی پیـــاده‌کردن و جێبـــه‌جێکردنی ئـــه‌و تایبه‌تمه‌ندییانــه‌ی کــه‌ ده‌ســتوور به‌ده‌ســه‌ڵاتــی جێبــه‌جێکردنی سپاردووه‌.

به‌رپرســـیاریه‌تی وه‌زاری مه‌ترســـیدارترین ئامرازه‌کانـــه‌ کـــه‌ یاســادانه‌ر به‌په‌رلــه‌مانی داوه‌ بــۆ چــاودێریکردنی ده‌ســه‌ڵاتــی جێبــه‌جێکردن، کــه‌ له‌رێگــه‌یــه‌وه‌ ده‌توانێــت متمانــه‌ لــه‌وه‌زاره‌ت وه‌ربگرێتــه‌وه‌، له‌تــه‌ک ئــه‌و ئــامرازه‌ ئــامرازی تــریش هــه‌ن کــه‌ مه‌ترسیان له‌و که‌متره‌ له‌وانه‌: مـافی ئاراسته‌کردنی پرسـیار، مـافی خســتنه‌ڕووی بابــه‌تێکی گشــتی بــۆ گفتوگــۆ و مــافی لێپرســینه‌وه‌. هــه‌روه‌ها ده‌ســه‌ڵاتــی یاســادانان هــه‌ڵده‌ســتێ بــه‌ ووردبوونــه‌وه‌ له‌دروسـتی کاره‌کـانی حکومـه‌ت، بـۆ ده‌رخسـتنی جێبه‌جێنـه‌کردنی بنــه‌ما گشــتیه‌کان و دیــاریکردنی به‌رپرســـان و لێپرســـینه‌وه‌ له‌گه‌ڵیان له‌رێگه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌ی په‌رله‌مانی .

لەپاڵ ئەوانەشدا پەرلەمان هەڵدەستێ بەلێکۆلینوە لەدروستی ئەندامەکانی و بڕیاری پێویست لەبارەیانەوە وەردەگرێت.
چەمکی چاودێرکردن لەسیستەمە دیموکراتییەکان بەرکارە، کاریگەری پلەی چاودێریکردنەکە لەسیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر دەگۆڕێت، چەمکی چاودێریکردن بنچینەکەی لەسیستەمی پەرلەمانی چەسپاوە.
لەهەرێمی کوردستان بۆشاییەکی دەستوور بوونی هەیە، بەلام لەهەمانکاتدا هەندێک یاسامان هەیە مۆرکی دەستووریيان هەیە، لەوانە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢، کە بەشێک لەدەسەلاتی چاودێریکردنی رێکخستووە، بەلام پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٨، وردەکارییەکانی ئەو بابەتەی بەتێرو تەسەلی شیکردۆتەوە.
لەم نامیلەکەیدا هەوڵ دەدەین چەمکە گشتیەکانی چاودێرکردن بخەینەڕوو، لەهەمانکاتیشدا شیکردنەوەیەک بۆ ئامرازەکانی چاودێری بکەین بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

# بەشی یەکەم

# یاسادانان

# بەشی یەکەم
# ئەرکی یاسادانان

## باسی یەکەم
## پرەنسیپە گشتییەکان

لە بنچینەدا وشـەی پەرلەمـان فەڕەنسـیەو مانـای گفتوگـۆ دەگەیەنێت، لەڕووی زاراوەییەوە بریتیە لە دەستەیەکی تەشریعی کە لە کۆمەڵێک خەڵک پێک دێت بەهەڵبژاردن دەبنە ئەندامی ئەم ئەنجومەنە.

لەگەڵ ئەوەی جیـاوازی هەیە لە ناونـانی ئەنجـومەنە هەڵبژێردراوەکاندا، بەڵام جەوهەری هەموویان یەکە.

ئەمەش واتـای ئەویە پەرلەمـان ئەو لایەنە تایبەتمەنـدەیە بە دانـانی ڕێسـاو یاسـا بەرکارەکـان، هەروەهـا دەسـەڵاتی یەکەمو کۆتـاییە لە پەسـەندکردنی پڕۆژەیاسـا پێشـنیارکراوەکان یـاخود هەموارکردنی دەقەکانی، تەنانەت ڕەتکردنەوەو هەڵوەشـاندنەوەی هەندێک لە یاسا بەرکارەکانیش(١).

ئەمەش تایبەتمەنـدی سـەرەکی پەرلەمـانە لە هەمـوو قەوارەیەکـی سیاسـیدا کە بـریتیە لەو ئەرکەی پێـک دێـت لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی یاسادانان(٢).

(١) بختيار غفور البالكي، الوظائف غير التشريعية للبرلمان،ط١،مطبعة شهاب، اربيل، ٢١٠١، ص٥-٦٥.
(٢) د.دانا عبدالكريم سعيد، دور البرلمان في الأنظمه البرلمانيه المعاصره، منشورات الحلبى الحقوقيه،بيروت،٢٠١٣، ص٤٠.

بەڵام زۆرێــک لە پرۆژەیاســاکان لە هەنــاوی دەســەڵاتی جێبەجێکــردنەوە بە دیــاریکراوی لە وەزارەتەکــانەوە دروســت دەبــن، لەشــێوەی پرۆژەیاســای حکــومەتی کە تیایــدا لایەنــی پەیوەندیــدار لەســەر ئەو گــرفتە نوێیــانە دەوەســتن کە پێویســتە یاسای نوێیان بۆ دەربکرێت[١].

دیــارترین ئەرکــی پەرلەمــانیش بــریتیە لە یاســادانان، ڕۆڵو چــالاکی پەرلەمــانیش زیــاتر لە بــواری دانــانی یاســاکاندا دەردەکەوێــت، هەربــۆیە بە پەرلەمــان دەوترێــت دەســەڵاتی یاســادانانو نابێــت دەســەڵاتی جێبەجێکــردن بەبــێ گەڕانەوە بــۆ پەرلەمان یاسایەک دەربکاتو بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەرچەنــدە لە زۆربەی کاتــدا خــودی پــرۆژەو نــاردنی بــۆ پەرلەمان لە ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بەڵام ئەم ڕێوشوێنە هەرگیز لە دەسەڵاتی پەرلەمان کەم ناکاتەوە، چونکە هەر خودی ئەندامی پەرلەمــان دەتوانێت پێشنیازی پرۆژەیاســای نــوێ بکاتو گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت.

کەواتە پەرلەمــان یاســاکان دادەنێــتو هــیچ دەســەڵاتێکی تــر ناتوانێت ئەو کارەی پەرلەمان بکات.

هەمــوو ئەمــانەش دەچــنە چوارچێــوەیەکەوە کە بە سیاســەتی یاســادانان ناســراوەو بــریتیە لە کــۆی بنەمــاو یاســاکانو چــۆنیەتی دانانیانو چۆنیەتی جێبەجێکردنیان.

یاســا بــریتیە لە کۆمەڵێــک بنەمــای گشــتی بــێ لایەن بــۆ ڕێکخستنی کاروبــاری کۆمەڵگا هەرکەســیش پێوەی پابەنــد نەبێت

---

(١) آن سيدمان و روبرت سيدمان و نـالين ابيسيكرى، دليل ارشـادي للمشرعين، NDI، ص ٤٣.

رووبەڕووی سزا دەبێتەوە، وەک زانراوە یاساش وەک بوونەوەرێکی زیندوو سوڕی ژیانی هەیە، لەدایک دەبێتو لەناویش دەچێت.

لە قۆناغی یەکەمدا پێداویستی ناو کۆمەڵگا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی دانانی یاسایەکو لەدواتردا وەک یاسایەکی گرنگ خۆی نمایش دەکات.

لەم نێوەندەشدا دەبێت پەرلەمان پەیڕەوی هەندێک بنەما بکات لە کاتی پەسەندکردنی هەر یاسایەکدا، لەو بنەمایانەش[١]:

١. یاساکان گشتگیر بنو پابەندبوونیان پێوە هەبێتو بارودۆخی هاووڵاتیانو بوارەکانی ژیان ڕێک بخەن، کاتێکیش دەڵێین گشتگیر بێت واتا دەبێت ئەم یاسایە تەواوی هاووڵاتیان بگرێتەوەو نابێت خۆی بخاتە نێو وردەکارییەکانی ژیانی هاووڵاتیان، چونکە ناگونجێ هەر هاووڵاتیەک یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچووێندرێت.

٢. دەبێت یاسا پابەندبوونی پێوە هەبێت، بەو واتایەی نابێت یاساکان هەڵبژاردەی بۆ بکرێت لەکاتی جێبەجێکردندا، بەڵکو دەبێت کار بە پڕەنسیپی سزاو پاداشت بکرێت، بەوەی سزای ئەو کەسە بدرێت کە سەرپێچی دەکاتو پاداشتی ئەو کەسەش بدرێتەوە کە جێبەجێی دەکات.

(١) د. بەختیار غەفور بالکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

## باسی دووەم
## قۆناغەکانی پرۆسەی یاسادانان لەپەرلەماندا

دارشـتنی یاسـایی[(١)] بەرواڵەتـی دەرەکـی ریسـای قـانونی دادەنرێـت، هەربـۆیە پێویسـتە وردی لە دارشـتنی ریسـا یاساییەکاندا بکرێت ئەوێش لەرێی پەیرەوکردنی چەند هەنگاوو رێکارێک کە بەسەرجەمیان پرۆسەی دارشتنی یاسایی پێک دێت.

دارشتنی یاسایی وا دەکات ریسای یاسایی لە دایک ببێتو گرنگی ئەم قۆناغەش بە ئەندازەی وردی لە دارشتنو گونجاوی کەرەستەکانی دەخەملێندرێت.

هەربـۆیە پێویسـتە رەچـاوی وردی لە دارشـتنی ریسـا یاساییەکاندا بکەین لە میانەی ژمارەیەک لە هەنگاوو رێکاری وادا کە بەسـەرجەمیان پرۆسـەی دارشـتنی یاسـایی تەندروسـت پێک دێت.

ئەمەی باسکرا ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی یاسادانەر کە دارشـتنی یاسـایی کـارێکی گرنـگو هەسـتیارە، پێویسـتە بەشێوەیەک بێت ویستی یاسادانەر بگاتە سەرجەم هاوولاتیان بەروونتـرین مانـاو ئاسـانترین شـێوازو بە کـورتترین رێگـا، لەگەڵیشـیدا پێویسـتە دارشـتنەکە کەمترین هەڵەو ناتەواوی تێدا بێت.

---

(١)د.هادی و د.مازن لیلوك، دلیل الصیاغه التشریعیه، مجلس الشوری، اقلیم کوردستان، اربیل، ٢٠١٦، ص١٠.

مەبەست لە تەشریعیش ئەو ڕێسا یاساییە نووسراوانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندی یاسادانەرەوە دەردەچن[1].

دەشتوانیین بڵێین داڕشتنی یاسایی ئەو بەرگەیە کە یاسا لەبەری دەکات لە پێناوی ئەوەی گونجاو بێت بۆ جێبەجێکردن بەسەر پرسە کردارییەکاندا.

داڕشتنی یاساکان وەک لایەنی ڕواڵەتی ڕێسا یاساییەکان دادەنرێت، پێویستە بە ئەوپەڕی وردییەوە ئەم پرۆسەیە سەرکەوتووانە بەپایان بگات.

ئەگەر ئەو دەسەڵاتە گشتییە تایبەتمەندەی ئەم کارە ئەنجام دەدات ناوی ( دەسەڵاتی دامەزرێنەر) بێت، ئەوا بە دەستوور دەناسرێتو ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان بێت ئەوا بە یاسای ئاسایی دەناسرێتو ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەری بکات ئەوا پێی دەوترێت پەیڕەو یا ڕێنمایی.

ژمارەیەک پرسی بنەڕەتی هەن کە پێویستە داڕێژەرانی یاسا پەیڕەویان بکەن، ئەوانیش:

**یەکەم: دیارترین خەسڵەتەکانی تەشریع:**[2]

فیقهی یاسایی ئاماژە بە ژمارەیەک خەسڵەت دەدات کە تەشریعیان پێ دەناسرێتەوە، ئەوانیش:

---

(١)د.رافد البهادلي و د.عثمان العبودي، التشريع بين الصناعة و الصياغة، ط١،منشورات الحلبي الحقوقية،بيروت،٢٠١٢،ص١.
(٢) نفس المصدر،ص١٤.

١. دەقە تەشـــریعیەکە لەلایەن دەســـەڵاتی تایبەتمەنـــدەوە دەرچووبێت.
٢. پێویستە دەقە تەشریعیەکە نووسراو بێت.
٣. پێویستە دەقەکە رێسای قانونی لەخۆ بگرێت (کە رێسای قانونی، دەقێکی گشتی موجەڕەدی پابەندکارەو کاروباری کۆمەڵگا رێک دەخات).
٤. روونـیو گشـتی بوونو گشـتاندنی بەسـەر تەواوی خەڵک لە وڵاتدا.

**دووەم: جۆرەکانی تەشریع:**

١. یاســای دەســتووری: یاســای دەســتووری بە بەرزتــرین یاســای وڵات دادەنرێــتو شــکۆی بەســەر هەمــوو رێســا قانونیەکانی دیکەدا هەیە.
٢. یاسـای ئاسـایی: بـریتیە لەو یاسـایەی لەلایەن پەرلەمـانەوە دادەنرێـت، بەوپێـیەی کە پەرلەمــان نـوێنەرایەتی ویســتی گشــتی دەکــاتو خــاوەن دەســەڵاتە لەو بــوارەدا یاســای ئاسایی لە رووی ڕیزبەندییەوە لە پلەی دووەمدا دێت.
٣. یاسـای لاوەکـی یـان فەرعـی: ئەم جـۆرەش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:
أ. پەیـڕەو یـان سیسـتەم: ئەو دەقەیە کە ئەنجـومەنی وەزیران دەری دەکات.
ب. رێنمـــایی: ئەو دەقەیە کە وەزارەتەکـــانو یەکە کارگێڕییەکان دەری دەکەن.

**سێیەم: سیاسەتی تەشریعی:**

مەبەست لە سیاسەتی تەشریعی بریتیە لە نەخشە ڕێگای دەسەڵاتی خاوەن تایبەتمەندی بە یاسادانان بە ئامانجی وەدیهێنانی ئامانجە ڕێکخراوەکانی پەیوەندییە جیاوازەکان لە نێوان دەسەڵاتو تاکەکاندا، ئەمەش بە ئامانجی دەستەبەری باشترین ڕێگا بۆ بەکارهێنانی کەرەستە تەشریعییەکان لە دەستوورو ڕێککەوتننامەکانو یاساو ڕێنماییو بڕیارە کارگێڕییەکان.

**ناوەڕۆکی پێویستی سیاسەتی تەشریعی:**

١. دیاریکردنی ئەو گرفتەی دەمانەوێت چارەسەری بکەین.
٢. ئەو ئامانجانەی دەویسترێت بەهۆی یاساکەوە وەدی بێن.
٣. ئەو پەیامانەی بەهۆی جێبەجێکردنی یاساکەوە وەدی دێن.
٤. دەستەبەرییەکانی جێبەجێکردنی لە واقیعی کرداریدا.
٥. کاتی قۆناغەکە.

**چوارەم: ڕەگەزەکانی تەشریع:**

١. پێویستە پڕۆژەی دەقە یاساییەکە (گشتیو موجەڕەد) بێت، بەشێوەیەک تەنها لە سەر کەسێک یان ڕووداوێکی دیاریکراو نەوەستێت.
٢. پێویستە دەقە یاساییەکە فەرمانێک بە کردنی کارێکی دیاریکراو یان ڕێگریکردن لە کردنی کارێکی دیاریکراو لە خۆبگرێت.

٣. پێویستە دەقە یاساییەکە پابەندکار بێت، بەشێوەیەک میکانیزمی سەپاندنی سزا بەسەر سەرپێچیکاردا لەخۆبگرێت لە نموونەی وەک (بەندکردن یان پێبژاردن یان قەرەبووکردنەوە).
٤. تا یاساکان بە ڕەوتێکی سروشتیدا بڕۆن پێویستە ئەو لایەنە دیاری بکرێت کە ئەو دەقەی دەرچوواندووە.

**پێنجەم: پرەنسیپە گشتییەکان بۆ ئامادەکردنی پڕۆژە یاساکان لە هەرێمی کوردستان[١]**

کۆمەڵێک پرەنسیپی گشتی هەن لە پڕۆسەی یاسادانانندا پێویستە یاسادانەر رەچاویان بکات، ئەگینا یاسا دەرچووێندراوەکە ناتەواو دەبێتو تەنانەت هەندێک جار رەتدەکرێتەوە، ئەوانیش:

1. دەستەبەری رێزگرتن لە مافو ئازادییەکان : ئەم مافە بنەڕەتیانە لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە بنەما سەرەکییەکاندا هاتوون کە بناغەکەیان کەرامەتی مرۆڤایەتیو دادگەریو مافەکانی مرۆڤن.
2. پرەنسیپی سەروەری یاسا: لە دەستووری عێراقدا هاتووە[٢] کە (سەروەری بۆ یاسایە،گەل سەرچاوەی دەسەڵاتو شەرعیەتەکەیەتیو ئەم مافە پیادە دەکات بە هەڵبژاردنی گشتیو نهێنی راستەوخۆ لە رێگەی

(١) نفس المصدر،ص ٣٥.
(٢) دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی ٥.

دامەزراوە دەستوورییەکانیەوە). ئەم چەمکە واتا ملکەچی تەواوی دەسەڵاتەکان بۆ حوکمی یاسا کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەردەچێت.

3. ڕێزگرتنی پرەنسیپەکانی دادگەریو یەکسانیو هەماهەنگی کۆمەڵایەتی.

4. ڕێزگرتنی لایەنی ئایینداری لە کۆمەڵگادا: ڕێسا ئاینییەکان لە کۆمەڵگادا پێگەیەکی گرنگو کاریگەریان لە هەستو سۆزی کەسەکاندا گرتووە، پێویستە یاسادانەر هەمیشە ئەم لایەنە لەبەرچاو بگرێت هەروەک چۆن یاسادانەری دەستووری لە دەستووری عێراقدا بە بایەخەوە باسی کردووە[١].

٥. ڕەچاوکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی بەبێ نادیدەگرتنی واقیعی هەرێمیو جیهانی: ئەم پرەنسیپە واتای ئەوەیە لە پێناوی نەمراندنی یاساکان بەشێوەیەک کە تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بن، پێویستە ڕەچاوی دۆخی کۆمەڵایەتیو هەلومەرجەکانی ئەم پێکهاتەیە لە کۆمەڵگادا بکرێت، لەگەڵ خوێندنەوەی قووڵ بۆ ئایندەو سوودبینین لە هەرچی نوێو تازەیە.

٦. ئاسایشی یاسایی:

ئەم چەمکە واتای پێویستی پابەندی دەسەڵاتە گشتییەکان بە وەدیهێنانی ئەندازەیەک لە جێگیری ڕێژەیی پەیوەند بە یاساکانو بڵاوکردنەوەی ئاسایشو ئارامی لە پەیوەندییە

---

(١) دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی ٢.

یاسـاییەکاندا کە ئەمـانە لەخـۆ دەگرێـت:(پڕەنسـیپی نەگەڕانەوەی یاسـا بـۆ رابـردوو –رەجعیەتـی یاسـاکان، پێـدانی مـاوەیەک لە نێـوان بڵاوبـوونەوەی یاسـاو کـاتی جێبەجێکردنیـدا لە پێنـاوی بەخشـینی مـاوەیەک بە هاووڵاتیان بۆ ئاگاداربوون لە دەقەکانی).

٧. رەچاوی یاسای سروشتیو رێسا جێگیرەکان لە ویژدانی یاسـاییدا: نمـوونەی یاسـای سروشـتی وەک ئەوەی کە لە ئابووریـدا هەیەو ناسـراوە بە خواسـتو خسـتنەڕوو، کە هەردووکیـان پەیوەنـدی پێچەوانەیـان لە نێوانـدایە کە هەریەکیـان زیـاد یـان کەم بێـت نـرخیش گۆڕانکـاری بەسەردا دێت.

هەروەها رێسا گشتییەکانی ویژدانی یاسایی بریتین لەمانەی خوارەوە کە دەبێت لە داڕشتنی یاسایدا رەچاو بکرێن:

أ. رێسـای (گرێبەسـت شـەریعەتی هەردوو لایەنـی گرێبەستەکەیە).
ب. رێسـای (تۆمەتبـار بـێ تـاوانە تـا لەلایەن دادگـاوە تاوانبار دەکرێت).
ج. رێسای (ئاڕاستەنەکردنی سوێند بۆ تۆمەتبار).
د. رێسای (ناکرێت دووسزا بۆ یەک تاوان دابنرێت).
ه. رێسـای (بـێ دەنگـی واتـای نـاڕازی بـوونە، مەگەر بەڵگەیەک پێچەوانەکەی بسەلمێنێت).

٨. ملكەچی هەموو کاروبارێکی کارگێڕی بۆ تانەلێدان: ئەمەش وەک مافێکی دەستووری لە دەستووردا جێگیر کراوە[١] ( قەدەغەیە دانانی دەقێکی یاسایی بۆ پاراستنی کارێکی کارگێڕی یان بڕیارێک لە تانەدان).
٩. ڕەچاوی وەدیهێنانی کردەییبوونی یاساکە: ئەمەش واتای ئەوەیە هەر دەقێکی یاسایی بۆئەوەی کاریگەرو ئەکتیڤ بێت، پێویستە لە کاتی دانانیدا ڕێسا ئامیرەکان ببەسترێنەوە بە سزایەکی کاریگەر لەکاتی سەرپێچیداو هەڵاواردن کەم بکرێت لەوانەی سزاکە نایانگرێتەوە.
١٠. پشتبەستن بە کەسانی خاوەن ئەزموونو وەرگرتنی سەرنجی لایەنی پەیوەندیدار.

یاسادانان بە ئەرکی سەرەکی لە وەدیهێنانی کاری پەرلەمانیدا دادەنرێتو چاکسازی سیاسی لە هەر دەسەڵاتێکدا بەو خەسڵەتانە جیادەکرێتەوە کە دەستپێشخەری دەکات بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانیەوە.
بۆ لەدایکبوونی یاسایەک بەشێوەی سروشتی پێویستە بەم قۆناغانەدا بڕوات:

١. پێشنیارکردنی پڕۆژەیاساکان:

پێشنیارکردنی پڕۆژەی ڕەشنووسی یاساکان کارێکە لە هەناوی ئەرکی پەرلەمانیە، ئەوە پێشەکییەکی پێویستە

(١) دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی ١٠٠.

بـۆ دارِشـتنی یاسـا بەشـێوەیەک تێڕوانینـی یەکەمە بـۆ چۆنیەتی ئەوەی لە ئایندەدا دەبێتە یاسا.

٢. گفتوگۆی پڕۆژە یاساکان:

گفتوگـۆو خوێنـدنەوەی پـڕۆژە یاسـاکان بە قۆنـاغە گـرنگەکەی پڕۆسـەی یاسـادانان دادەنرێـت، وەک زانراویشـە هـیچ یاسـایەک دەرناچووێنـدرێت تـاوەکو گفتوگۆی تەواوی لە پەرلەمان لەبارەوە نەکرێت.

٣. دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاساکەو پەسەندکردنی.

٤. دەرچواندنی یاساکان.

٥. بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وڵاتدا.

## باسی سێیەم
## پەیکەری نموونەیی تەشریع

ئەرکی یاسادانان بە ئەرکی سەرەکی پەرلەمان دادەنرێت بەهەموو قۆناغەکانیەوە لە پێشنیارکردنو پاشان خوێندنەوەی یەکەمو دووەمو پاشان دەنگدان لەسەری و هەروەها پەسەندکردنو بڵاوکردنەوەی، ئەمەش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی دامەزراوەکە تەواوی ڕێکارەکانی دەقنووس کراون[(١)].

**یەکەم: گرنگی داڕشتنی یاسایی**[(٢)]

١. داڕشتنی یاسایی دروست بایەخی گەورەی هەیە لە بواری گەشەپێدانی سیستەمی قانونی لە وڵاتداو دیاریکردنی ڕەوتی گۆڕانکاری بەو شێوەیەی کە دەیەوێت.
٢. داڕشتنی یاساکان بەشداری دەکات لە کاراکردنی پرۆسەی (تقنين القوانين)، کە وادەکات سەرجەم ڕێسا قانونییەکانی بابەتێکی دیاریکراو بە ئاسانی لە تۆمارێکی سەربەخۆدا کۆبکرێنەوە.

---

(١) مكتب النائب الاول لرئيس مجلس النواب العراقي، دليل سير العمل فى جلسات مجلس النواب العراقى، الدائرة الاعلامية في مجلس النواب، بغداد،٢٠٠٨،ص٨. والمعهد الديمقراطي الوطني (NDI). كيف يعمل النائب، المعهد الديمقراطي الوطني (NDI).بيروت، ٢٠٠٦،ص٣٠.
(٢)د.رافد البهادلي و د.عثمان العبودي، مصدر سابق، ص ٤١.

٣. وا دەکات پڕۆسەی جێبەجێکردنو پیادەکردنی یاساکان وەدی بێت بەو شێوەیەی کە نیازی یاسادانەربووە.

**دووەم: پرەنسیپە گشتییەکانی داڕشتنی یاسایی**

**١. ناوی یاسا:**

هەموو تەشریعێک هەڵگری ناوو ژمارەو مێژووی دەرچوونە، ئەرکی یاسادانەرە لەسەرەتای هەموو تەشریعێکدا بیاننووسێت، ناوی تەشریعەکە لە ناوەڕۆکەکەیەوە وەردەگیرێت، بەڵام ژمارەو مێژوو لە ریزبەندی ژمارەی تەشریعەکانی ئەو ساڵەوە وەردەگیرێت کە دەرچوێندراون.

**٢. رەچاوی پۆلێنکاری:**[1]

پێویستە یاسادانەر رەچاوی پۆلێنی لۆجیکیانەی تەشریعەکان بکات بۆ بەشو دەروازەو باسەکان دابەشیان بکات، هەروەها حوکمەکانی دابەشی ماددەو ماددەکانیش بۆ بەندو بەندەکانیش بۆ بڕگە بکرێت، هەروەها رەچاوی هونەری داڕشتنی ماددەو یەکێتی بابەتەکانی بکرێت.

**٣. رەچاوی پرەنسپی پلەبەندی رێسا یاساییەکان:**

وا سەرکەوتووە یاسادانەر پەیڕەوی جۆرە رەوتێک لە داڕشتنو ڕیزبەندی دەقەکان بکاتو دابەشکارییەکی دروست بکات لە نێوان بەشەکانی پێشنیازی یاساکە وەک ئەم نموونەیەی پەیکەری پڕۆژەیەی خوارەوە:

---

(١)نفس المصدر،ص ٧٥.

پێشنیازی یاسای (                                         )

ژمارە (    ) ی ساڵی (        )

حوکمە گشتییەکان

بەشی یەکەم        پێناسەکان

بەشی دووەم      ئامانجەکانو میکانیزمی وەدیهێنانیان

حوکمە بابەتییەکان

بەشی سێیەم     ئەرکو دەسەڵاتەکان

بەشی چوارەم    پەیکەرو پێکهاتە

بەشی پێنجەم    ئەرکو دەسەڵاتی بەشو لقەکان

بەشی شەشەم    حوکمە داراییەکان

بەشی حەوتەم    حوکمە سزاییەکان

حوکمە گواستراوەکان ( ئینتیقالییەکان)

بەشی هەشتەم        ................

بەشی نۆیەم      هەڵوەشاندنەوەو جێبەجێکردن

**سێیەم: پێکهاتەکانی تەشریعێکی دروست[1]:**

أ. پێکهاتەی هەر تەشریعێکی دانراو لەهەنگاوی یەکەمدا دەست پێدەکات بەنووسینی ناوی پرۆژە پێشنیازەکەو ژمارەو ساڵی دەرچوون[2].

ب. ئاماژەدان بە پێشەکی یاسایی بۆ ئەم یاسایە لە دەقی دەستووری یان یاسایەک کە رەهەندی دەستووری هەبێت وەک پشتیوانی یاسایی بۆ دەرچوواندنی ئەم یاسایە.

ج. ڕیزبەندی باس و بەش و ماددەی هەریەک لە بابەتی یاساکە بەشێوەیەک لە ماددەکانی سەرەتادا وشەو چەمکی پێویستی ناو یاساکە پێناسە بکرێت و ئاماژە بەو ماناو زاراوانە بدرێت کە دەستەواژەکە لەخۆی دەگرێت.

د. پاشان لە ماددەیەکدا بنەما گشتییەکان وەک کارێکی دەستپێشخەری لە یاساکەدا باس دەکرێت.

ه. پاشان دەست دەکرێت بە ماددە جەوهەرییەکانی یاساکەو دەقنووس دەکرێن و بەش و ماددەو بڕگەی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرێت.

و. بواری جێبەجێکردنی یاساکە لەڕووی کات و کەس و توێژەکانی کۆمەڵگاوە[1].

---

(١)غازي ابراهيم الجنابي ، ليل الصياغة التشريعية ، الموجود على الرابط:
[ebook] Available at: https://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=65939 [Accessed 16 Apr. 2019].

(٢)د.رافد البهادلي و د.عثمان العبودي، مصدر سابق، ص ٧٥.

ز. هەروەها بە ماددەیەک تەواوی یاسای پێشتر کە دژیەکی لەگەڵ ئەم یاسا نوێیەدا هەیە، ڕەت دەکرێتەوە.

ح. لە ماددەیەکدا دەسەڵات دەدرێت بەو لایەنەی کە ئەم یاسایە جێبەجێ دەکات کە ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی دەربکات.

ط. پێش کۆتایی پڕۆژەکە باس یان بەشێک تەرخان دەکرێت بۆ حوکمە کۆتاییەکان کە تیایدا ئاماژە بە چۆنیەتی کارکردن بەیاساکە دەکرێت.

ي. هەروەها بە ماددەیەک ئاماژە بە دەسەڵاتی پەسەندکردن‌و دەرچوواندنی یاساکەو بڵاوکردنەوەی یاساکە لە ڕۆژنامەی فەرمی‌و کاتی جێبەجێکردنی دەکرێت.

ک. پاشان بەهۆیەکانی دەرچوون کۆتایی بە یاساکە دێت کە لە سیستەمی یاسایی عێراقی‌و کوردستانیدا هەمیشە هۆیەکانی دەرچوون شوێنەکەی کۆتایی یاساکانە.

ل. ئەگەر هەمواری یاسایەکی بەرکار کرایەوە، ئەوا نابێت نیوەی زیاتری یاساکە بگرێتەوە[٢].

---

(١)مجلس النواب العراقي دليل الصياغه التشريعية،مصدر سابق، ص٤٤.

(٢) ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی عێراق ئەو ڕایەی جێگیر کردوە کە ئەگەر هەمواری یاسا نیوەی زیاتری یاسا بنەرەتیەکەی گرتەوە، ئەوا پێویستە بە یاسایەکی سەربەخۆ دەربکرێت نەك هەموار، واتا بەشێوەی پڕۆژەیەکی

## چوارەم: پەرلەمانو ئەندام پەرلەمان[١]

پێکهاتنی پەرلەمان لە پێناوی پیادەکردنی ئەرکێکی گرنگدایە کە ئەویش پێک هاتووە لە دانانی یاساکانو بەهۆیەوە ژیانی تاکەکان لە بوارە جیاجیاکاندا رێک دەخات، هەروەها ئەو یاسایانەی کە پەیوەندی نێوان تاکو دەسەڵات رێک دەخەن.

بنەمای پیادەکردنی ئەرکی ئەندامی پەرلەمان لە بواری یاسادانانندا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە یاساکان دەربڕی ویستی نەتەوەنو ئەو گەلەی کە لە نێوخۆیدا نوێنەرانێک هەڵدەبژێرێت لەپێناوی ئەوەدایە ئەو ئەرکە پیادە بکات کە خۆی لە دانانی یاساکاندا دەبینێتەوە.

ئەو ئەرکەش بەچەندین قۆناغدا دەڕوات کە بە قۆناغەکانی پرۆسەی یاسادانان ناوزەد دەکرێت کە بەکورتی ئەم چوار قۆناغەن:

١. پێشنیاری پرۆژەیاسا.
٢. گفتوگۆو دەنگدان و پەسەندکردن.
٣. دەرچوواندن.
٤. بڵاوکردنەوە.
٥. جێبەجێکردن.

لەڕاستیدا ئەندامی پەرلەمان لەدوو قۆناغی یەکەمی باسکران لەقۆناغەکانی پرۆسەی یاسادانان رۆڵی سەرەکی هەیەو

---

سەربەخۆ بنووسرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی کە کرفت بۆ لایەنی جێبەجێکار دروست نەبێت.

(١) د.افين خالد عبدالرحمن، المركز القانوني لعضو البرلمان، دراسه مقارنه،المركز العربي للنشر و التوزيع،القاهرة،٢٠١٧،ص ٣٦٧.

لەدایکبـوونی یاسـاکان لەسـەر دەسـتی ئەمـان دەبێـت، بەڵام دوو قۆنـاغی کۆتـایی ئەرکـی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردنە کە یاسـاکان بڵاوبکاتەوەو دواتر جێبەجێیان بکات.

دوو قۆنـاغە گـرنگەکەی یاسـادانان کە ڕۆڵـی ئەنـدامی پەرلەمـان تیایاندا سەرەکی دەبێت، بەم شێوەیەن:

**قۆناغی یەکەم:دەستپێشخەری یاسایی[1]**

ئەم قۆناغە ماف دەدات بە ئەندامی پەرلەمان کە پڕۆژە پێشنیاری یاسـایی پێویسـت بـۆ ڕێکخسـتنی ژیـانی تاکەکـان لە بـوارە جیاجیاکاندا پێشکەش بکات.

دەستپێشـخەری یاسـایی واتـا ڕەوایەتـی بۆ ئەنـدامی پەرلەمـان کە پێشـنیازی یاسـای پێویسـت بکـات لەبەردەم پەرلەمانـدا، کە تیایـدا پێشـنیاری بیـرۆکەیەک لە چوارچێـوەیەکی یاسـاییدا دەکـات لە پێناوی ڕێکخستنی دۆخێک کە بایەخی هەیە لە کۆمەڵگادا.

هەربـۆیە لەبەر گرنگـی ئەم قۆنـاغە زۆربەی زۆری دەسـتووری وڵاتان ئەم مافەیان داوە بە ئەندامی پەرلەمـان کە پێشـنیازی یاسـا پێشـکەش بکـات یـاخود دەستپێشـخەری یاسـایی وەهـا بکـات، لەگەڵیـدا ڕێـگە دراوە بە دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن کە ئەویـش پڕۆژەیاسـا پێشـکەش بکـات لە هەر بوارێکـدا کە بەپێویسـتی بزانێت.

---

(١)نفس المصدر،ص ٣٧٠.

**قۆنــــاغی دووەم: گفتوگـــۆی پـــڕۆژەو دەنگـــدان لەســـــەری و پەسەندکردنی:**[1]

دوای ئەوەی بیـرۆکەی پێشـنیازی یاسـا پێشـکەش دەکرێـت لەلایەن ئەنـدامی پەرلەمـانەوە، پاشـــان پێویســـتە ئەو پێشـــنیارە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێتو خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

پاشـان گفتوگـۆی کۆتـاییو دەنگدان لەسـەری بکرێت ئەوجا ئەو دەسـەڵاتە تەشـریعیە پێکهاتبێت لە یەک ئەنجـومەنی یـان دوو ئەنجومەن.

ئەمەش واتـــای ئەوە دەگەیەنێـــت کە قۆنـــاغی گفتوگـــۆی پڕۆژەیاسـا گرنـگو پڕبـایەخەو ڕۆڵـی پەرلەمـانو سـەربەخۆیی دەســـەڵاتەکەی دەســـەلمێنێت کە پەیـڕەوی نـاوخۆی دامەزراوەکە پرسی قۆناغەکانی یاسادانانی ڕێک خستووە.

کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەرکی پەرلەمانە کە یاسـاکان پەسـەند بکـات، جـا ئەگەر بیـرۆکەی پێشـنیارەکە لەلایەن ئەنـدامی پەرلەمـانەوە بێـت یـاخود پڕۆژەیاسـایەک بێـتو خاوەنـداری بـۆ حکـومەت بگەڕێـتەوە، واتـا پـڕۆژە نـابێتە یاسـا ئەگەر لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە دەرنەچێت.

پـاش خوێنـدنەوەکانیش پێویسـتە ببێـتە ڕاپـۆرتو بچێـت بـۆ قۆناغەکانی گفتوگۆی تەواو، هەروەهـا دەست بکرێت بە دەنگدان لەسەر دەقەکانی پڕۆژەکە، کە تەواوی ڕێوشـوێنەکانی دەنگدان لە پەیــڕەوی نـــاوخۆدا ڕێــک دەخرێــتو ژمـــارەی یاســـایی بـــۆ

(١) نفس المصدر، ص ٣٧١.

ئامـادەبوون لە دانیشـتنەکەو ڕێکـاری یەک مـاددە لەدوای یەکو پاشان دەنگدان لەسەر هەموو دەقە نووسراوەکە دەکرێت.

وەک زانراویشـە بـووەتە نەریتێکـی یاسـایی کە یاسـاکان بە زۆرینەی سـادە دەردەچـن، مەگەر لەحـاڵەتی وەهـادا کە پێویسـتی بە ڕێـژەی دیـکە هەبێـت کە یاسـاکە بە دەق ئامـاژەی پـێ بکـات، وەک سێیەکی ئەندامان یان زیاتر.

هەروەهـا زانراویشـە کە دەسـتووری کۆمـاری عێـراق سـاڵی ٢٠٠٥ جیـاوازی کـردووە لە نێـوان هەردوو چەمکـی پڕۆژەیاسـاو پێشـنیاری یاسـا،کە یەکەمیـان لەلایەن حکـومەتەوە پێشکەشـی پەرلەمـان دەکرێـتو دووەمیـان لەلایەن ئەنـدامی پەرلەمـان بە واژۆی ١٠ ئەندام پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت.

ئەوەی کە شایەنی باسە دادگای باڵای فیدڕاڵی لە بڕیارێکیدا سـەبارەت بە مـاددەی ٦٠ی دەسـتووری عێـراق رایگەیانـدوە کە پێشکەشکردنی پڕۆژەیاسـا تەنها لە دەسـەڵاتی حکومەتەو دەبێت تەنها ئەو، ئەو مافە پیادە بکات[(١)].

## پێنجەم: پرەنسیپی پلەبەندی ڕێسا قانونییەکان

### ١. ڕەچاوی هەرەمی یاسایی:

ئەو ڕێسـا یاسـاییانەی کە لە وڵاتـدا جێبەجـێ دەکـرێن، سـەرجەمیان لە هەڕەمێکـی یاسـاییدا ڕێـک خـراون، کە دەسـتوور لەلـوتکەدایەو دواتـریش یاسـا دێـتو پاشـان

(١) بڕیـاری دادگـای فیـدڕاڵی عێـراق ژمـارە ٤٣و٤٤/اتحـادیە/٢٠١٠ لە ٢٠١٠/٧/١٢.

پەیڕەوو دواتر ڕێنمایی دێتو بەپێی پڕەنسیپی بنەڕەتی یاساییش نابێت هیچ تەشریعێک پێچەوانەی دەقی سەروو خۆی بێت. کەواتە یاساکان پێویستە بەپێی حوکمەکانی دەستووربن لە ڕواڵەتو ناوەڕۆکدا، هەروەها پەیڕەوو ڕێنماییەکانیش بە هەمان شێوە. هەر بۆیە پێویستە یاسادانەر زانیاری تەواوی لە سەرجەم یاسا بەرکارەکان لە وڵاتدا هەبێت بۆ ئەوەی کە یاسایەکی نوێی دانا لەو پڕەنسیپەی سەرەوە لانەداتو ببێتە هۆی ئەوەی کە هەڵبوەشێندرێتەوە.

**٢. ڕەچاوی سیاسەتی تەشریعی لە وڵاتدا:**

**٣.** هەموو وڵاتێک سیاسەتی تەشریعی تایبەت بەخۆی هەیە کە وەرگیراوە لە حوکمەکانی دەستوورو یاساکانیو لە بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو ئەو فەلسەفە حوکمڕانییەی کە باوەڕی پێیەتی، وەک زانراویشە سەرجەم پێدراوە ئاینیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان بە سیاسەتی تەشریعیەوە هەیە.

**٤. ئاگاداربوون لە تەشریعەکانی پێشوو:**

پێویستە کە یاسادانەر بە وردی ئاگاداری سەرجەم تەشریعە بەرکارەکان بێت، ئەگەر زانی تەواونو پێویست بە یاسایەکی نوێ ناکات، ئەوا ڕێگە بە دەرچوواندنی یاسای دیکە بۆ ئەو بوارە نەداتو ئەگەریش زانی یاسایەک پێویستە دەربچێتو گونجاویشە لەگەڵ

سیاسەتی تەشریعی وڵاتدا، لەم کاتەدا پێویستە هەنگاو بنێت بۆ دانانی دەقێکی یاسایی نوێ.

٥. **ڕەچاوی یەک تەشریعی:**

٦. **ڕەچاوی قەبارەی هەموارەکە:**

٧. **ڕادەی وەدیهاتنی پێداویستییەکانی جێبەجێکردن:**

پێویستە یاسادانەر بەدواداچوون بکات بۆ هۆکارەکانی جێبەجێکردنی تەشریعەکانو دەرفەتی وەدیهاتنی سەرچاوە ماددیو مرۆییەکان بۆ ئەوەی بزانرێت کە بە هۆیانەوە یاسا نوێیەکە گونجاوە بۆ جێبەجێکردن، کە گرنگترینیان بریتین لە: گونجاوی جێبەجێکردنی لە ڕووی داراییەوەو دانانی ڕێسایەکی گشتی کە بەسەر هەموو هاوڵاتیاندا جێبەجێ بکرێتو تا لە تواناداییت دوورکەوتنەوە لە هەڵاواردن لە دەقەکاندا.

٨. **دیاریکردنی لایەنی جێبەجێکاری تەشریعەکە:**

پێویستە یاسا نوێیەکە لایەنی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی دیاری بکات، جاری وا هەیە ئەو لایەنانە تەواوی دامەزراوە فەرمیەکان لە وڵاتدا دەگرنەوە، یاخود تەنها لایەنێکی پەیوەندیدار بەرپرسیار دەکرێت.

٩. **دیاریکردنی مێژووی جێبەجێکردنی تەشریعەکە :**

بە دەقی دەستووری هاتووە کە[١](یاساکان لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێنەوەو کاریان پێدەکرێت لە ڕۆژی

(١) ماددەی ١٣٠ لە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

بڵاوبوونەوەیـــانەوە مەگەر دەقێـــک پـــێچەوانەی ئەمە هاتبێت).

**١٠. چوارچێوە گشتییەکەی پرۆژەیاسا:**[١]

کەواتە پێویستە هەر پرۆژەیەکی تەشریعی بەم شێوەیە دابڕێژرێـتو لەم حەوت بەشـە پێـک بێـت: ناونیشـانی یاســاکە، دیبــاجە، پێناســەو حــوکمە گشــتییەکان، پەیوەندیــدارە ســـەرەکییەکان بەیاســـاکە، لایەنـــی جێبەجێکــاری یاســاکە، ســزاکان یــان ئەو رێکــارانەی وادەکەن خەڵــک بەحوکمەکــانی یاســاکەوە پابەنــد بــن، یەکلاکــردنەوەی ئەو ناکۆکیـانەی بەهـۆی جێبەجێکردنـی یاساکەوە دروست دەبن، سەرچاوەکانی پارەدارکردن بۆ جێبەجێکردنی، حوکمە هونەرییەکان.

**١١. رەچاوی گەشەکردنی کۆمەڵگا:**

بەشـێوەیەک کە تەشـریعەکە بتوانێـت هـاو تەریـب لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بڕوات.

١٢. **هاوسەنگی**:

پێویسـتە هەمـوو دەقێکـی تەشـریعی لەیەک کاتـدا هەڵگـری رەهەنـدی یەکـلاکەرەوەو نەرمیش بێت، دەرفەتیش بدات بە دادوەر کە ئەو دەقەی بە رێسـا قـانونییەکە رێکخـراوە

(١) دليل التشريع للمحافظات العراقيه،بدون سنة نشر وجهة الاصدار،ص ١١.

گونجـــاوی‌و هەڵســـەنگاندنی بـــۆ بکـــات بەرامـــبەر بەو ڕووداوەی هاتۆتە بەردەستی[1].

## شەشەم: خەسڵەتەکانی هونەری داڕشتنی یاسایی[2]

١. پێویستی کورتبڕی: دەقی یاسایی دۆخێک یان دیاردەیەک ڕێــک دەخــات بە چەنــد وشـــەیەکی دیــاریکراو بەبــێ زیـادوکەمکردن، بەشـێوەیەک مانـاکەی دەدات بەکەمتـرین وشەو دەستەواژە، تا بەهۆی درێژکردنەوەوە نەبێتە هـۆی دروستبوونی ڕاڤەی دژبەیەک.

٢. پێویســـتی نمایشـــێکی تـــۆکمە: ئەمەش بەوە دێـــتە دی کە بابەتەکان چاک پۆلێن بکرێن‌و حوکمە زۆرو چڕەکانی بە دەقــی یاســایی ڕێــک بخــرێن، ئەمەش لەپێنــاوی ئەوەی بەشـــەکانی یاســاکە بەیەکەوە ببەســترێن‌و ئامانجەکــانی بەئاسانی ئاشکرا بکرێن.

٣. پێویسـتی خاڵبەنـدی‌و ئاماژەکـان: ئەمەش واتـا نووسـینی دەقە یاســـاییەکان بەشـــێوەیەکی دوابەدوای یەکتـــرو بەستنەوەیان بەیەکترەوە بەشێوەی خاڵ‌و بڕگەکان.

٤. بەکارهێنـــانی ڕێکـــاری تەشـــریعی: یاســـاکان لەلایەن دەسـەڵاتی یاسـادانانەوە دەردەچن‌و بەدەسـتەواژەی وەهـا ڕێک دەخرێن کە فەرمان‌و ڕێگری لە کارێکی تێدایە، واتـا

---

(١)د. مصـطفى يـاغي وأخرون،دليـل العمـل البرلمـاني فـي الاردن، مؤسسـة فريدريش ايربت، عمان،٢٠١٧،ص٤٨.

(٢)د.عبـدالقادر الشـيخلي، فـن الصـياغة القانونيـة،دار الثقافـة والنشـر والتوزيـع، عمان،١٩٩٥، ص ٥٨.

پێویستی ئەنجامدانی کارێکو خۆگرتنەوە لە کردنی چەند کارێکی دیاریکراو لەگەڵ دانانی سزا بۆی.
هەربۆیە زمانی یاسایی لەبواری تەشریعدا زمانێکی روونو دیاریکراوەو دوورە لە ئاڵۆزییەوە، لە دیارترین خەسڵەتەکانیشی بریتیە لەوەی زمانی نووسینی دەقی یاسایی پێویستە کورت بێتو دووربێت لە دووبارەکردنەوەو زیادەڕەوی.

٥. وردبینی تەواو لە داڕشتنی یاساییدا: وەک زانراوە وردبینی لە نووسینی دەقدا دەمانگەیەنێتە ئەوەی راڤەیەکی وردی بۆ بکەین بەبێ بوونی گرێو ناڕۆشنی، لەبەرامبەردا ئەو دەقەی کە دوورودرێژەو پێکهاتووە لە کۆمەڵێک دەستەواژە، هەڵگری کۆمەڵێک گرفتە کە ئێمە پێویستمان پێیان نییە.
٦. کارکردن بە نوێترین دەستەواژە: کاتێک یاسادانەر پەنا دەبات بۆ دانانی یاسایەکی نوێ، ئەوا داڕشتنی یاسایی دروست دەخوازێت کە تازەترین دەستەواژە بەکاربهێنین، چونکە یاساکان رەنگدانەوەی واقیعە بابەتییەکەن لە رووی رواڵەتو ناوەڕۆکەوە.
٧. نەبوونی هەڵەی زمانەوانیو بەکارهێنانی شێوازێکی دروست لە زمانی نووسیندا[1].

(١) نفس المصدر،ص١٠٥.

## حەوتەم: بەشەکانی یاسادانان[1]

بەشـێوەیەکی روونتـر پێویسـتە پرۆسـەی یاسـادانان بـۆ هەر یاســـایەک کە لەلایەن دەســـەڵاتی یاســـادانانەوە دادەنرێـــت ئەم مەرجانەی تێدابێت:

١. ناونیشـانی یاسـا بەشـێوەیەکی کورتو رۆشـن بنووسـێت، وا گونجاوە دەستەواژەی کاریگەر بەکاربێت کە لە هـزری یاساییدا جێگیر بووە.
٢. ژمــارەی یاســا، پێویســـتە هەمـــوو یاســـایەک ژمــارەی ڕیزبەنـــدی وەربگرێـــتو لەگەڵ ســـاڵی دەرچوونەکەیـــدا بنووسرێت.
٣. پێناسـەکان، ئەگەرچـی باسکردنی چەمکو پێناسـەکردنیان لەسـەرەتای هەر یاسـایەکدا شـتێکی ئارەزوومەنـدانەیە لە نێـوان باسـکردن یـان نەکردنیـدا، بەڵام واچـاکترە هەر یاسـایەک کە دەردەچێـت لە مـاددەی یەکەمیـدا پێناسـەی دیـــارترینی ئەو چەمـــکو دەســـتەواژانە بکـــات کە لە ماددەکانی یاساکەدا بەکارهاتوون.
٤. بـواری جێبەجێکردنـی یاسـاکە، مەبەسـت لە دیـاریکردنی ئەو بـوارەیە کە ئەم یاسـایە لە کەسو شـوێنو توێژەکـان دەیـانگرێتەوە، هەروەهـا دەکرێـت ئامـاژە بەوانەش بکرێـت کە لەم یاســـایەدا هەڵواردنیـــان بـــۆ دەکرێـــتو یاســـاکە نایانگرێتەوە.

(١)غازی ابراهیم الجنابی،مصدر سابق،ص١٢و١٣.

٥. دەقی یاساکە: واتا (مەتن)ی ئەو پڕۆژەیە، پێویستە وەک ئەوەی نەخشەی بۆ دانراوە ڕێک بخرێت کە ئامانجی یاسایەکی سەرکەوتوو وەدی دەهێنێت.
٦. ڕیزبەندی ماددەکان، پێویستە ڕێکخستنی ماددەکان بەم شێوەیە بکرێت:گرنگتر لەپێش گرنگەوە،گشتی پێش تایبەتی، حوکمێکی گرنگی بنەڕەتی پێش حوکمێکی لاوەکی، هەروەها حوکمێکی بابەتی پێش حوکمێکی کارگێڕی یان ڕێکاری بخرێت.
٧. ریزبەندی ماددەکان لەبەشێکدا،کە مەبەست لەم ڕیزبەندیە رێکخستنی ماددەکانی پەیوەندیدارە بەیەکەوە لە بەشێکدا، ئەمەش بە قازانجی جێبەجێکاری ئەو یاسایە دەگەڕێتەوە کە حوکمەکانی لەنێو بەشێکی سەربەخۆدا کۆدەکرێنەوەو ئاسان جێبەجێ دەکرێن، هەروەها بۆ ئامادەکاری پڕۆژەکەش ئاسانکاری تێدایە کە دەتوانێت ئاماژە بە ماددەکانی ئەو بەشە بدات.
٨. بەژمارەکردنی ماددەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەکان بەم شێوەیە بنووسرێت :

١.

٢.

٣.

ماددەی ١ دابەش دەبێت بۆ بڕگەکانی:

یەکەم.

دووەم.

سێیەم.

بەشی یەکەم بۆ خاڵەکانی:

أ.

ب.

ج.

خاڵەکانیش بۆ:

(١).

(٢).

(٣).

وەک ئەوەی لە نووسینەوەی دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵدا هاتووە.

٩. بەکارهێنانی هەواڵەکردن، کە مەبەست لێی بریتیە لە ئاماژەدان بە مادده یاساییەکی دیکە کە پەیوەندیدارە بەم یاسایەوە لەنێو هەمان یاسا کە خەریکی دارشتنین بۆی،ئامانجیش لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە هەواڵەکردن بۆ کورتکردنەوەی کاتو دووبارەنەکردنەوەی بابەتەکانە، بەمەرجێک تەنها ئاماژە بە ژمارەی یاساکە بکرێت بەبێ ناوهێنانی دەروازەو بەشەکەی.

**هەشتەم: بەشی حوکمە کۆتاییەکان**[١]

ئەم بەشە وەک بەشی کۆتایی ئەژمار دەکرێتو واگونجاوە حوکمە کۆتاییەکان ڕاستەوخۆ دوای ناوەڕۆکی یاساکە بێتو ئەم پرسانە لەخۆ بگرێت:

---

(١) غازی الجنابي،مصدر سابق، ص ١٦.

١. هەڵوەشاندنەوە، مەبەست لێی هەڵوەشاندنەوە یان ڕەتکردنەوەی یاسایەک یان ژمارەیەک یاساو ڕێنمایی بەرکارە یان هەندێک لە ماددەکانی یاسایەکی هەڵوەشاندووەتەوە کە لەم یاسا نوێیەدا چارەسەر کراون، واتا لە یاساکەدا بەدەقێکی روون ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەکە بکرێت نەک بەشێوەی پەنهانی.
٢. حوکمە گواستراوەکان، مەبەست لێی ئەو حوکمانەیە کە بەهۆی جێبەجێکردنی یاساکەوە ماددەیەک بۆ توێژێک دیاری دەکرێت نموونەی وەک ٣٠ یان ٦٠ یان ٩٠ رۆژ بۆئەوەی دەقەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێت بەسەریاندا.
٣. سپاردنی دەسەڵات، مەبەست لەمەش بریتییە لە سپاردنی دەسەڵات بەلایەنی جێبەجێکردن بۆ دەرچوواندنی ڕێنمایی پێویست بۆ باشتر جێبەجێکردنی یاساکە.
٤. دیاریکردنی لایەنی جێبەجێکار، مەبەست لێی ئەو ماددەیەیە کە تیایدا لایەنی جێبەجێکار دیاری دەکرێتو دەکرێت بە ئەرکی ئەو دەقەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات، وەک ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتێکی دیاریکراو.
٥. کاتی بەرکاربوونی یاساکە، ئەمەش دەستەواژەیەکە لە ماددە کۆتاییەکانی یاساکەدا دێت کە تیایدا مۆڵەتی دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت بەتایبەتی کاتێک کە لە رۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە.

٦. ئیمـزای دەرچوواندنی یاسـا، یاسـادانان کۆتـایی دێـت بە ئەڵقەی کۆتـایی کە پێـک دێـت لە ئیمـزای کۆتـایی لەسـەر یاسـاکە لەلایەن ئەو کەسـەی دەسـەڵای دەرچوواندنی یاسای پێدراوە، کە لە عێراق لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە ئیمـزای دەرچوواندن دەکرێـت، هەروەهـا لە هەرێمـی کوردسـتان لەلایەن سـەرۆکی هەرێـم یـان دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەکرێت.

**نۆیەم: هۆیەکانی دەرچوواندنو هاوپێچەکان**[(١)]

١. هۆیەکـانی دەرچـوون رەگەزێکـی پێویسـتە لە رەگەزەکـانی تەشـریع، لەگەڵ ئەوەی کە نـاچێتە نێـو هەنـاوی تەشـریعەکەوە بەمانـای ئەوەی کە بەشـێک بێـت لە حوکمەکانی[(٢)].

٢. هۆیەکانی دەرچوواندن لە سیستەمی یاسادانانی عێراقیدا دەکەوێتە بەشی کۆتایی یاساوە کە پێویستە ئەمانە لەخۆ بگرێـت: چەنـد پرسـێک کە شـرۆڤەی مەبەسـتی چەنـد ماددەیەکی یاسـاکە دەکەن بـۆ لایەنـی جێبەجێکـارو شـرۆڤەکارو تەنـانەت هاووڵاتیـانیش گـرنگەو ئەو ئامـانجو هۆکـارە پێویسـتانەی کە لە پـێش دەرچوواندنی ئەم یاسایەوە بوون شیدەکاتەوە.

٣. هاوپێچەکـان، هەنـدێک جـار یاسـادانەر پەنـا دەبـات بـۆ هـاوپێچکردنی خشـتەیەکی پێویسـت کە نەیویسـتووە لە

(١)نفس المصدر، ص ١٩.

(٢) مجلس النواب العراقي،مصدر سابق، ص ٦١.

کـــــاتی باســـــکردنی ماددەکانـــــدا بیانهێنێـــــت لەبەر درێژنەکردنەوە، ئەمەش بە ئامانجی زیاتر روونکردنەوەو رێگریکردن لە فراوانکردنی بۆ زۆر بواری دیکە.

# بەشی دووەم
# پرۆسەی یاسادانان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

## بەشی دووەم

## پرۆسەی یاسادانان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

ئەرکو دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان لەرووی یاسادانانەوە وەک لەدەقە تەشریعیەکاندا هاتووە بریتیە لە:

١. یاسادانان، وەک لە بڕگەی ١ی ماددەی ٥٦ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتووە.
٢. هەموار یان جێبەجێکردنی یاسا فیدڕاڵییەکان، وەک لەبڕگەی دووەمی ماددەی ١٢١ لە دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ هاتووە.

پەرلەمانی کوردستان لە مانگی (٧ی ٢٠١٨)ەوە پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێی دانا[١] کە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوی هەڵوەشاندەوە.

لە پەیڕەوی ساڵی ٢٠١٨ لە بەشێکی تایبەتدا ئەم ئەرکە گەورەیەی کاری پەرلەمانی باس کراوە ئەویش لە بەشی هەشتەمو لە ماددەکانی (٧٧ تا ٩٧) ئەم پرسە دەقنووس کراوە.

تیایدا مەبەستی یاسادانان وەک ئەرکێکی کاری پەرلەمانی لەم چەند خاڵەدا ڕێک خراون کە ئەوانیش بریتین لە:[٢]

یەکەم: دەرکردنی یاساو بڕیار.

دووەم:هەموارکردنی یاساو بڕیارە کارپێکراوەکان.

---

(١) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.

(٢) ماددەی ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆ.

سێییەم: بەرکارکردنی یان هەموارکردنی کارپێکردنی یاسا فیدراڵییەکان.

هەروەک پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو جیاوازییەی وەرگرتووە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥)و لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەریەک لە (پڕۆژەو پێشنیار) لێک جودا کراونەوتەوە بەشێوەیەک کە:

١. پڕۆژەیاسا یان پڕۆژەبڕیار ئەو دەقەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە پێشکەش دەکرێت[١].
٢. پێشنیاری یاسا یان بڕیار ئەو ڕەشنووسەیە کە لەلایەن لانی کەم (١٠) ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێت[٢].
٣. هەروەها ئەو پڕۆژە یاساو بڕیارانەی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە پێشکەش دەکرێن، ئەمەش واتا ڕێگە بە دەسەڵاتی دادوەری دراوە پڕۆژەیاسا پێشکەش بکات لەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بەخۆیانەوە[٣].
٤. هەروەها پەیڕەوی ناوخۆ ڕێگە دەدات بە دامەزراوە فەرمییەکانی دیکە پێشنیاری یاساو بڕیار پێشکەش بکەن[٤].

پاشان پەیڕەوی ناوخۆ زیاتر قوڵبووەتەوە لە مەرجو شێوازی ئەو پێشنیازی یاسایانەی کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێن کە ئەوانیش بەم شێوەیەن:

---

(١) ماددەی ٧٨ برگەی یەکەم لە پەیرەوی ناوخۆ.
(٢) ماددەی ٧٨ برکەی دووەم.
(٣) هەمان ماددە بڕگەی سێیەم.
(٤) هەمان ماددە برکەی چوارەم.

١. مەرجە پێشنیازی یاسا یان بڕیار لەلایەن ژمارەی پێویستو یاسایی ئەندامانەوە پێشکەش بکرێت کە لانی کەم (١٠) ئەندام واژوی بکات[١].

٢. پێویستە شێوازی یاسادانان لەخۆبگرێت بە شێوەی دارشتنی تەشریعی لە ناونیشانو رێکخرا بێت بە ماددەو بڕگەو پاشان هۆیەکانی دەرچوون[٢].

٣. لە ماوەی (١٤) رۆژی پێشکەشکردنیدا پێویستە لیژنەی یاساییو دەستەی سەرۆکایەتی بەهەماهەنگی بڕیاری لەبارەوە بدەن[٣].

بەگونجانی لەرووی پێوەرەکانەوە کە ئەوانیش بریتین لە[٤]:

أ. هەبوونی بابەتێکی گشتی کە پێویست بە دەرچوواندنی وەها یاسایەک بکات.

ب. هەبوونی بۆشاییەکی یاسایی.

ج. ئەگەر بەهۆی جێبەجێکردنی یاساوە بۆشاییەک دروست بوو، پێویست بکات هەموو یان بەشێکی یاساکە هەموار بکرێتەوە.

د. مەرجە لەو پێشنیازی یاساو بڕیارانەی رەهەندی داراییان هەیە رەچاوی بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت بکرێت.

---

(١) ماددەی ٧٩ لە پەیرەودا.

(٢) هەمان ماددە.

(٣) هەمان ماددە.

(٤) ماددەی ٧٩ لە پەیرەودا و هەر چوار برگەکەی.

هەروەهـــا مـــاددەی (٨٠)ی پەیـــڕەوی نـــاوخۆ دەســـەڵاتی ڕەتکـردنەوەی داوە بەهەردوو( دەسـتەی سـەرۆکایەتیو لیـژنەی یاسـایی) ئەگەر دەرکەوت یەکێـک لەو پێـوەرانەی تێـدا نیـیە کە پێشـتر ئاماژەمـان پێـداو نـاچێتە قۆنـاغی یەکەمەوە کە بـریتییە لە ئەنجامـــدانی خوێنـــدنەوەی یەکەم بـــۆیو ئەگەر بـــۆ ئەنـــدامە پێشکەشـــکارەکانی پێشـــنیازەکە ئەم ڕەتکـــردنەوەیە بـــڕواپێهێنەر نەبـــوو، ئەوا بـــابەتەکە دەخـــرێتە بەرنـــامەی کـــاری دانیشـــتنی پەرلەمانەوە بۆ بڕیاردان لەسەری.

لە حـــاڵەتی ڕەت نەکـــردنەوەی هەمـــوو پێشـــنیارەکە یـــان دەربڕینـــی تێبینـــی لەســـەر پێشـــنیازەکە، ئەوا بـــۆ ئەو ئەنـــدامانەی پێشـــــنیازەکەیان پێشـــــکەش کـــــردووە دەگەڕێنـــــدرێتەوە بـــــۆ ڕەچاوکردنی ئەو تێبینیانەو دووبارە پێشکەشکردنەوەی[1].

هەروەها بە پێی هەمان ماددەو لە بڕگەی چوارەمدا ئەگەر پـــڕۆژە پێشـــنیازەکە لەلایەن دەســـتەی ســـەرۆکایەتیو لیـــژنەی یاســـاییەوە ڕەزامەنـــدی لەســـەر درا ئەوا لە یەکەمـــین دانیشـــتنی دوای ڕەزامەندییەکە دەخرێتە بەرنامەی کارەوە.

سـەبارەت بە پـڕۆژە پێشـنیازی نـوێ کە هەمـان نـاوەڕۆکی هەبێـت لەگەڵ پڕۆژەیەکـی تـردا کە لە ژێـر دەسـتی لیـژنەی تایبەتمەنـــدایە بـــۆ ڕاپۆرتنووســـین ئەوا وەرناگیرێـــتو ڕەت دەکرێتەوە[2].

---

(١) ماددەی ٨٠ برکەی سییەم لە پەیرەوی ناوخۆ.

(٢) ماددەی ٨١ برکەی یەکەم.

هەروەها سەبارەت بە پێدانی ئەولەویەت (لەپێشتردانان) بۆ هەریەک لەو دەقانەی کە پێشکەش دەکرێن ئەوا بەپێی ماددەی (٨١) بڕگەی سێیەم پڕۆژە یاسا بە بنەما دادەنرێت ئەگەر پێشنیازی یاسای تر پێشکەشکراو لەڕووی بنەماوە وەک یەک بوون، بەمەرجێک پێشنیازی یاساکە نەچووبێتە قۆناغی ڕاپۆرتنووسینەوەو لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی پێشنیازی یاسا ئەوا لە هەمان وەرزی یاسادانان لە خولە پەرلەمانییەکەدا پێشکەش ناکرێتەوە.

## هەندێک مەرجی پەیڕەوی بۆ گفتوگۆی پڕۆژە یان پێشنیازی یاسا:

1. تەنها لە مانگی یەکەمی وەرزی یاساداناندا ئەندامی پەرلەمان دەتوانێت پێشنیازی یاسا پێشکەش بکات، تەنیا لە حاڵەتی تایبەتدا نەبێت کە دەستەی سەرۆکایەتی هەڵسەنگاندن بۆ پێویستبوونی دەکات[١].
2. پڕۆژەیاساو بڕیارەکان کە لەلایەن حکومەتەوە دێن راستەوخۆ لە یەکەمین دانیشتنی دوای گەیشتن خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت[٢].
3. دەستەی سەرۆکایەتی بە هەماهەنگی لیژنەی یاسایی بڕیار دەدات بە بەشکردنی پڕۆژە یان پێشنیازی یاساو ناردنی هەربەشە بۆ لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان، ئەمەش ئەگەر پڕۆژەکە یان پێشنیازەکە لە تایبەتمەندی

(١) ماددەی ٨٢ی پەیرەوی ناوخۆ.
(٢) ماددەی ٨٣ برگەی یەکەم.

زیاتر له لیژنەیەک بوو لیژنەش تەنها راپۆرت لەسەر ئەو بەشە ئامادە دەکات کە ئاڕاستەی کراوە[١].

4. دەبێت لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (٢١) رۆژدا راپۆرتی خۆی لەسەر پڕۆژەکە یان پێشنیازەکە ئامادە بکات[٢].
5. لە حاڵەتی ئەوەی کە سیفەتی بەپەلە بۆ پڕۆژە یان پێشنیاز دیاری کرا ئەوا دەبێت لە ماوەی (٧) رۆژدا ڕاپۆرت پێشکەش بکرێت[٣].
6. لە حاڵەتی پابەندنەبوون بەو وادانەی سەرەوە بۆ ئامادەکردنی راپۆرت ئەوا جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان لیژنەکە ئاگاداردەکاتەوەو پێویستە لیژنە لە ماوەی (٤) رۆژدا راپۆرتی هۆداری خۆی پێشکەش بکات[٤].
7. راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەدرێتە لیژنەی یاسایی بۆ پێداچوونەوە تەنها لە رووی دارشتنەوەی یاساییو دڵنیابوون لە دژنەبوونی دەقەکان لەگەڵا دەستوورو یاسا کارپێکراوەکانو راپۆرتی لیژنەکە خوێندنەوەی دووەمی بۆناکرێت تا لەڕووی دەستووریو یاسا کارپێکراوەکان راستاندنی بۆ نەکرێت لە لایەن لیژنەی یاساییەوە[٥].
8. پێویستە ڕاپۆرتی ڕاستێندراوی لیژنەی تایبەت لەماوەی (٤٨)کاتژمێر پێش خوێندنەوەی دووەم لەلایەن جێگری

---

(١) ماددەی ٨٣ برکەی دووەم.

(٢) ماددەی ٨٤ برکەی یەکەم.

(٣) ماددەی ٨٤ برکەی دووەم.

(٤) ماددەی ٨٤ برکەی جوارەم.

(٥) ماددەی ٨٥ برکەی یەکەم.

دووەمـــی ســـەرۆکی پەرلەمـــان بـــۆ تەواوی ئەنـــدامانی پەرلەمان دەستەبەر بکرێت[١].

بەو پێیەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنەکانی پەرلەمـانی کـردووەتە سـێ دانیشـتن واتـا دوای خوێنـدنەوەی یەکەمو نووسـینی راپـۆرت پاشـان دەچێـتە قۆنـاغی دووەم کە خوێنـــدنەوەی دووەمەو لەدواتـــردا لەدانیشـــتنێکی جیـــاوازدا کە بەدانیشـتنی دەنگـدان ناسـراوە، دەنگـدانی لەسـەر دەکرێـتو بە دانیشـتنی سـێیەم نـاوزەد دەکرێـت کە رێکارەکـانی بەم شـێوەیە دەبن:

1. خوێندنەوەی دووەم بۆ هەر پڕۆژە یان پێشنیازی یاسا یان بڕیار بە خوێندنەوەی دەقی پڕۆژەکە یان پێشنیازەکە دەســت پێــدەکات، پاشــان ڕاپــۆرتی لیــژنەی تایبەتمەنــد دەخرێتەڕوو[٢].
2. ئەگەر دارِشـتنی نوێ بـۆ پـڕۆژەکە پێشـنیار کـرا جیـاواز بـوو لە پـڕۆژە بنەڕەتییەکە، ئەوا هەردووکیـان دەخـرێنە دەنگـدانەوەو بە بنەمــا وەرگرتنــی هەریەکێکیــان یەکــلا دەکرێتەوە[٣].
3. لەدانیشـتنی خوێنـدنەوەی دووەمـدا دەنـگ لەسـەر پـڕۆژە یان پێشنیازەکە نادرێت[٤].
4. دانیشتنی دەنگدان لە سـەر پڕۆژە یان پێشنیازەکە نابێت لە هەفــتەیەک زیــاتر لە دوای دانیشـــتنی خوێنـــدنەوەی دووەم تێپەڕ بکات[١].

---

(١) ماددەی ٨٦ لە پەیرەوی ناوخۆ.

(٢) ماددەی ٨٧ برگەی یەکەم.

(٣) ماددەی ٨٧برگەی دووەم.

(٤) ماددەی ٨٩ برگەی یەکەم.

5. ئەنـدامی پەرلەمـان لە مـاوەی نێـوان دوو دانیشـتنەکەدا دەتوانێـت داوای بینینـی داڕشـتنەوەی کۆتـایی دەقەکە لە جێگـری دووەمو لیـژنەی یاسـاییو لیـژنەی تایبەتمەنـد بکات[٢].

6. دەنگـدان لەسـەر نـاوی یاسـا یـان بڕیـارەکە دەسـت پـێ دەکـات دواتـر یەکە بەیەکەی ماددەکـانو کۆتـایی بە دەنگـدان لەسـەر هۆیەکـانی دەرچوواندو دواجـار گشـت یاسا یان بڕیارەکە دەنگی لەسەر دەدرێت[٣].

7. پەرلەمـان بە دەنگـدانی ئەنـدامانی دەتوانێـت پـڕۆژە یـان بڕیاری تایبەت سیفەتی (خەسڵەتی بەپەلە)ی پێ بدات لەم حاڵەتانەدا:[٤]

أ. بودجەو ئیعتماداتی زێدەکیو ژمێرەی کۆتایی.

ب. هەر بابەتێکی تری بەپەلە.

٨. یاساو بڕیارەکان بەزۆرینەی دەنگی ژمارەی ئامادەبووان پەسـەند دەکـرێن، جـگە لەو حاڵەتـانەی پێویسـتیان بە زۆرینەی تایبەت هەیە[٥].

٩. سـەرۆکی پەرلەمـان بەپێـی ئەنجـامی دەنگـدان بڕیـاری پەرلەمـان بەڕەزامەنـدی یـان رەتکـردنەوە لەسـەر یاسـاو بڕیارەکان رادەگەیەنێت[٦].

---

(١) ماددەی ٩٠ برکەی یەکەم.
(٢) ماددەی ٩٠ برکەی دووەم.
(٣) ماددەی ٩١ برکەی یەکەم.
(٤) ماددەی ٩٢ لە بەیرەودا.
(٥) ماددەی ٩٣ برکەی یەکەم.
(٦) ماددەی ٩٣ برکەی دووەم.

١٠. پێویستە یاساو بڕیارەکان لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی پەسەندکردنیانەوە بنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بە مەبەستی دەرچوواندنیان[١].

١١. ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا یاسا یان بڕیارەکەی بەشێوەیەکی گشتی یان بەشێکی ڕەتکردەوە، لەو کاتەدا دەبێت لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆی بنووسێت پاشان لە یەکەمین دانیشتنی دوای تەواوکردنیدا ڕاپۆرتەکە بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان‌و بڕیاری پەرلەمان لەو بارەیەوە یەکلا کەرەوە دەبێت‌و بەدەنگی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پێداگیری لەسەر دەکرێت‌و ئەم جارە ڕای پەرلەمان ڕەت ناکرێتەوە[٢].

١٢. لە حاڵەتی هەبوونی گومان لەسەر دەنگدان لانی کەم (٥) ئەندام داوای دووبارەکردنەوەی دەنگدانیان کرد، دەبێت دەنگدانەکە دووبارە بکرێتەوە[٣].

**شێوازی گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یان پێشنیازی یاسا لەخوێندنەوەی دووەمدا:**

١. هەر ئەندامێک ناوی تۆمار کرا دەتوانێت لەسەر هەر ماددەیەک تەنها یەک جار بدوێت‌و تەنها(٢)خولەکیش بخایەنێت.

٢. وەزیری پەیوەندیداریش دەتوانێت ئامادەی دانیشتنەکە بێت‌و دەتوانێت لە بارەی هەر ماددەیەکەوە (٢)خولەک بدوێت.

---

(١) ماددەی ٩٤ لە پەیرەودا.

(٢) ماددەی ٩٥ برگەی یەکەم.

(٣) ماددەی ٩٦ لە پەیرەودا.

٣. لیـژنەی تایبەتمەنـد سـەرجەم پێشـنیازو رایەکـان بەهەنـد وەردەگرێـتو سـەر لەنـوێ دارِشـتنەوە بـۆ ئەو مـاددانە دەکەنو ئەگەر پێویستیشی کرد روونکردنەوە دەدەن.

٤. لەدانیشـتنی دەنگدانـدا رێ بە گفتوگـۆ یـان پێشکەشـکردنی پێشنیازی نوێ نادرێت.

٥. لەکاتی بوونی زیـاتر لەیەک پێشـنیار هەمـوو پێشـنیارەکان دەخـرێنە دەنگـدانەوە، کامیـان زۆریـنەی دەنگـی هێنـا بەپەسەندکراو دادەنرێت.

٦. لەخستنە دەنگدانی رایەکانـدا پێویسـتە ئەو رِایەی دەخرێتە دەنگدانەوە لانی کەم (٣) ئەندام پشتگیری بکات.

٧. لەکاتی گفتوگۆ لەسەر پرِۆژەو پێشـنیازی یاسـاو برِیارێک ئەگەر رای جیـاواز سـەبارەت بەپەسـەندکردن دروسـت بـوو، ئەوا ئەولەویەت لە دەنگدانـدا بە پێـی ئەم رِێزبەنـدییە دەبێت[1]:

   أ. پێشنیازی رەتکردنەوەی پرِۆژە یان پێشنیاز.
   ب. پێشنیازی گەرِانەوەی پرِۆژە یان پێشنیاز.
   ج. گەرِاندنەوەی پرِۆژە بۆ لیژنەی تایبەتمەند.
   د. پێشنیازی دواخستنی گفتوگۆ بۆ دانیشتنێکی تر.

---

(١) ماددەی ٩٧ لە پەیرەوی ناوخۆ.

# بەشی سێیەم
# چاودێری

# بەشی سێیەم
# ئەرکی چاودێری

## باسی یەکەم: جۆرەکانی چاودێری
### یەکەم: پرسیارکردن

مەبەست لە پرسیارکردن روونکردنەوەی کارێکە لەکارەکانی حکومەت، یاخود ئاگادارکردنەوەی حکومەتە بۆ کارێک لە کارەکان، ئەندام پەرلەمانیش کاتێک پرسیار ئاراستەی وەزیرێک دەکات ئامانجی ئەوەیە راستی رەفتارێک لە رەفتارەکانی ئەو وەزیرە بزانێت، بێ ئەوەی مانای تاوانبارکردنو رەخنەگرتنو لێپرسینەوە لەخۆبگرێت، لەوانەشە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی وەزیرەکە بێت بۆ کارێکی دیاریکراو، یاخود لەوانەیە بۆ زانینی نیازی حکومەت بێت بۆ کارێکی دیاریکراو، بابەتی پرسیارەکەش لەبازنەی ئەو پەرلەمانتارەی پرسیارەکەی کردووە لەگەڵ وەزیری پەیوەندار تێناپەڕێت، بۆ کەسی سێیەم نییە دەخالەتی بابەتەکە بکات[1].

کەواتە پرسیارکردن بریتیە لە داواکردنی روونکردنەوە لەلایەن پەرلەمانتارێکەوە دەربارەی مەسەلەیەکی دیاریکراو لە وەزیری پەیوەندار.

بەمەش پرسیارکردن ئامرازێکی چاودێریکردن نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ روونکردنەوەو گەیشتن بە ڕاستی

---

(١) د.محمد كامل ليله، النظم السياسية- الدولة والحكومة، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٦٩، ص٨٢.

بابەتەكـانو بەدەسـتهێنانی زانیـاری دیـاریكراو. بە بەڵـگەی ئەوەی ئەو پەرلەمانتارەی پرسیارەكەی كردووە یاخود خودی پەرلەمـان ناتوانێـــت بڕیارێـــك وەربگرێـــت لە حـــاڵەتی ئەوەی ئەگەر پەرلەمانتــاری پرســیاركەر بــڕوای بە وەڵامــی وەزیــر یــاخود وەزارەت نەهێنـا، پەرلەمانتــارێكی تــریش نــاتوانێ ئەو پرســیارە بكـاتەوە ئەگەر ئەو پەرلەمانتـارەی پرسـیارەكەی كـردووە نەهـات یاخود مرد[1].

تێبینــی دەكرێــت پەرلەمــان مــافی پرســیاركردن لە شــێوازەكانی تــری چــاودێری زیــاتر بەكاردەهێنێــت، زۆربەی جـاریش لەو وڵاتـانەی تـازە پێـدەنێنە نـاو دونیـای دیموكراســی، پرســـــیاركردن وەك رازیكردنـــــی پەرلەمانتـــــار دەبێـــــت بـــــۆ دەنگــدەرانی[2]. لە راپــۆرتێكی بەرنــامەی گەشــەپێدانی نەتەوە یەكگرتوەكاندا هاتووە لە ڕووی پەیڕەوكردنەوە ئامـانجی سیاسـی لە پشـــت پرســـــیاركردنەوە هەیە، جـــا لەلایەن نـــوێنەرانی ئۆپۆزسیۆنەوە بێت بۆ تیشكخسـتنە سـەر كەموكوڕییەكـانو لایەنە نەرێنییەكـانی دەسـتەی دەسـەڵاتداران، یـاخود لەلایەن نـوێنەرانی دەسەڵاتەوە بێت بە ڕەخسـاندنی بـوار بـۆ دەسـتەی دەسـەڵاتداران بە خسـتنەڕووی دەسـتكەوتو سـەركەوتنەكانی لە بەڕێـوەبردنی كاروبــاری دەوڵەتــدا[3]. بۆیەشــە ئەســتەمە پرســیاركردن وەك

(١) د.رأفت الدسوقي، هيمنه السلطه التنفيذيه على اعمال البرلمان، منشأه المعارف بالاسكندريه، ٢٠٠٦، ص١٢٧.
(٢) نفس المصدر، ص١٢٧.
(٣) الـدور الرقـابى للمجـالس العـربيه، تقريـرى برنـامج الامـم المتحـده الانمـائى، المتاح على الموقع الالكترونى: http:www.undp-pogar.org.

شێوازێک لە شێوازەکانی چاودێریکردن بناسرێت، بەڵکو مافێکە بە پەرلەمانتاران دراوە بۆ بەدواداچوونی کاروبارەکانی حکومەت و دەستکەوتنی بیروبۆچوونی حکومەت لەمەڕ کاروبارێکی دیاریکراو.

لە دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) لە بڕگەی (٧)ی ماددە (٦١) هاتووە (أ-بۆ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەیە لەهەر بابەتێکدا کە دەچێتە نێو تایبەتکارییەکانیانەوە پرسیار ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکات، ئەوانیش بۆیان هەیە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، تەنها بۆ پرسیارکەریش هەیە سەرنج لەبارەی وەڵامەکەوە بدات).

پرسیارکردنیش مافێکی بڕیاردراوە بۆ هەر ئەندامێک لە ئەندامانی پەرلەمان، مەرج نییە لەلایەن کۆمەڵێک ئەندامەوە پێشکەش بکرێت، هەروەها دەتوانرێت پرسیار ئاڕاستەی هەر یەکێک لە وەزیرەکانی حکومەت بکرێت تەنانەت دەتوانرێت پرسیار ئاڕاستەی خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بکرێت.

بەڵام پێویستە پرسیارەکە لە بابەتێکدا بێت بچێتە نێو تایبەتکارییەکانی ئەو کەسەی پرسیارەکەی ئاڕاستە دەکرێت، مەبەستیش لە پرسیارەکە یا بۆ وەرگرتنی زانیاری دەبێت دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، یا ئەوەتا بۆ گوشار دروستکردن دەبێت تا حکومەت ڕێوشوێنێکی دیاریکراو بگرێتەبەر[1].

---

(١) د.أبوالحجاج عبدالغنى السيد، المسئولية الوزارية فى النظم الوضعية المعاصرة وفي النظم الاسلامية، دار النهضة العربية، ٢٠١٠، ص١٦١.

بـــۆ وەزیرەكـــانیش هەیە وەڵامـــی هەنـــدێك پرســـیار نەدەنەوە كە پەیوەنـــدار دەبێـــت بە پەیوەنـــدی نهێنـــی لەگەڵ حكـومەتە بیانییەكـان یـا لەوانەیە زانیـاری تەواوی لەبەر دەسـت نەبێت، یا لەوانەیە پرسیارەكە پەیوەندی بەو بابەتـانەوە نەبێت كە لە نێو تایبەتكاری وەزارەتدا دەبـن، وەڵامـدانەوەی پرسـیاریش بە نووسراو دەبێت، بەڵام دەتوانرێت بە زارەكیش بێت.

پرســـیاركردنیش مـــافێكی كەســـییە، ئەو مـــافەش پەیوەنـــدییەكی دووانەیـــی[١] لە نێـــوان ئەو پەرلەمانتـــارەی پرســـیارەكەی كـــردووە لەگەڵ ئەو لایەنەی پرســـیارەكەی ئاڕاسـتەكراوە دروسـت دەكـات، ئەوەش كۆمەڵێـك دەرئەنجـامی لێـدەكەوێتەوە، لەوانە تەنهـا بـۆ پرسـیاركەرەكە هەیە سـەرنجو تێبینی لەسـەر وەڵامی وەزیرەكە بدات، هەروەهـا مـافی خۆشـیەتی هەر كاتێك بیەوێت لە پرسیارەكە پاشگەزبێتەوە یا دەسـتبەرداری ببێت[٢].

لەبەرئەوەی پرسـیاركردن رێكـارێكی مەترسـیدار نیـیە بەهـۆی ئەوەی وەرگـرتنەوەی متمـانەی لێنـاكەوێتەوە، بەڵكـو مەبەسـت لێـی تەنهـا وەرگرتنـی زانیـارییە، بـۆیە دەسـتوورەكان رێوشـوێنی ئاڵۆزیـان دانەنـاوە بـۆ پەیڕەوكردنـی، بەڵكـو تەنهـا

(١) پەیڕەوی ناوخۆی هەندێك لە پەرلەمانەكان لەو رێچكەیە دەرچوون بۆ نموونە بە گـوێرەی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی لوبنـان (م/١٢٤) پەیوەنـدیی دووانەیـی نابێت.
(٢) د.رمزی طه الشاعر، النظریه العامه للقانون الدستوری، مطابع دار السیاسه-الكویت، ١٩٧٢، ص٢٢١.

کۆمەڵێک ڕێوشوێنی سادەیان داناوە بۆ ڕێکخستنی مەسەلەی پرسیارکردن.

کۆمەڵە مەرجێکی بابەتی و رواڵەتی هەن بۆ پرسیارکردن، مەرجە بابەتییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١. پێویستە پرسیارکردنەکە بۆ وەرگرتنی زانیاری و دروستکردنی گوشار بێت لەسەر حکومەت لەو بابەتانەی دەچنە نێو تایبەتکاری و بەرپرسیارێتییەکەیان.
٢. نابێت پرسیارەکە پەیوەندار بێت بە یاساوە، چونکە ئەو بابەتە لە تایبەتکارییەکانی دادگایە.

هەرچی پەیوەندیدارە بە مەرجە ڕواڵەتییەکان:

١. پێویستە پرسیارەکە نووسراو بێت.
٢. پێویستە پرسیارەکە کورت بێت.
٣. پێویستە پرسیارەکە کۆک بێت لەگەڵ سیستەمو ئادابی گشتی.
٤. نابێت پرسیارەکە پێشتر کرابێتو وەڵام درابێتەوە.
٥. نابێت پرسیار دەربارەی دەزگاکانی ئاسایشو هەواڵگریو کاروباری نهێنی بازرگانی بکرێت[١].

(١) د.زین بدر فراج، السؤال کوسیله من وسائل الرقابه البرلمانیه، دار النهضه العربیه، القاهره، ١٩٩١، ص١٠٤.

**دووەم:خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆکردن (روونکردنەوە)**

ئەو مافەش دەستەبەرە بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان، جا دەقی دەستووری لەبارەیەوە هاتبێت یاخود نا، بۆ ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان هەیە بابەتێکی گشتی بوروژێنن کە پەیوەندی بە سیاسیەتی دەرەوە یاخود ناوەوە هەیە، ئەوەش بەمەبەستی هێنانەکایەی گفتوگۆیەکی کراوە کە هەر ئەندامێک بیەوێت دەتوانێت بەشداری تێدا بکات[1].

دەستووری عێراقیش رێگەی بە ئەنجومەنی نوێنەران داوە بەلایەنی کەم لە رێگەی بیستو پێنج ئەندامەوە بابەتێکی گشتی بخاتە گفتوگۆ لە پێناو روونکردنەوەی سیاسەت یان بیروبۆچوونی ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێک لە وەزیرەکان، ئەوەش لەڕێگەی داوەتکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێک لە وەزیرەکانی بۆ ئامادەبوون لە بەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەراندا تا گفتوگۆ لەبارەی ئەو کارانەوە بکرێت کە دەچنە نێو تایبەتکارییەکانیانەوە (م/٦١ب(٧) (ب)).

واتە مەبەست لەو شێوازە گوێگرتنی حکومەتە لە بیروبۆچوونی نوێنەرانی گەل لە بابەتێکی دیاریکراودا، لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانو بیروبۆچوونەکاندا

---

(١) د.ابوالحجاج عبدالغنی السید، مصدر سابق، ص١٦٥.

بتوانرێت ئارەزووەکانی گەل دیاریبکرێن، باشترین رێگەش دیاری بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئارەزووانە(١).

لەمەشەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە روونکردنەوە لەگەڵ پرسیارکردن پێکدەچێت لەوەی ئامانج لە روونکردنەوە روونکردنەوەی مەسەلەیەکە پەیوەندیدارە بە سیاسەتو ئەدای ئەنجومەنی وەزیران. بەڵام جیاوازە لە پرسیارکردن لەوەی دەبێت بەلایەنی کەم لە رێگەی بیستو پێنج ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران داوا بکرێت، جگە لەوەش لە حاڵەتی پرسیارکردندا پەیوەندییەکی دووانە لە نێوان پەرلەمانتاری پرسیارکەرو وەزیری پەیوەندیدار دروست دەبێت، بۆ هیچ ئەندامێکی تر نییە دەخالەت لە بابەتەکە بکاتو سەرنجو تێبینی خۆی بڵێت، بە پێچەوانەی روونکردنەوە کە پەیوەندییەکی دووانە دروست نابێت، چونکە بە داوای بیستو پێنج ئەندام دەبێت، جگە لەوەش ئامانجی روونکردنەوە خستنەڕووی بابەتێکی گشتییە بۆ گفتوگۆکردن، کەواتە بۆ هەموو ئەندامان هەیە دەخالەت بکەن. سەرەڕای ئەوەش روونکردنەوە دەبێتە هۆی وروژاندنی گفتوگۆی گشتی، رێگە بەو ئەندامانەش دەدرێت کە داوای روونکردنەوەکەشیان نەکردووە گفتوگۆ بکەن، لە هەمان کاتیش ئەو جۆرە گفتوگۆیانە تۆمەتبارکردنی بەرامبەر لەخۆناگرن(٢).

---

(١) د.يحيى الجمل، النظام الدستوري في الكويت- مع مقدمة في دراسة المبادئ والدستورية العامة، مطبوعات جامعة الكويت، ١٩٧٠-١٩٧١، ص٣٧٦.

(٢) د.رمزي طه الشاعر، مصدر سابق، ص٤٢٠.

له کۆتاییشـــدا دەســـتوور وادەیەکـــی دیـــاریکراوی بـــۆ پرســـــیارکردن دانەنـــــاوە، بەڵام ســــەبارەت بە ڕوونکـــــردنەوە دەســتوور پابەنـدی کـردووە کە دەبێـت (ســەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیران یاخود وەزیرەکان وادەیەک دیاری بکەن بۆ ئامادەبوون لەبەرامـبەر ئەنجـومەنی نـوێنەران بـۆ گفتوگـۆکردن) (م٦١ب(٧)(ب))، هەروەهـا مـاددەی (٥٥) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نوێنەرانی عێراق سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پابەند دەکات کە ســەقفێکی زەمەنـــی دیـــاری بکـــات بـــۆ ئامـــادەبوون لەبەرامـــبەر ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆ گفتوگۆکردن.

هەروەک پێشـــتر وتمـــان نـــاتوانین ئاڕاســـتەکردنی پرسیار بە شێوازێک لە شێوازەکانی چاودێری پەرلەمانی لەسەر دەسـەڵاتی جێبەجێکردن دابنێین، شـێوازێکی چـاودێری سـووکترە لە شێوازی روونکردنەوە.

روونکـــــردنەوەش لەگەڵ لێپرســــــینەوە لە دوو رووەوە پێکدەچێت، لە لایەک هەردووکیان لەسەر داوای ژمـارەیەک ئەنـدام پەرلەمــان دەبـن، لە لایەکـی تـرەوە نـابێتە هـۆی دروسـتبوونی پەیوەنــدییەکی دووانە، بەڵکـو بـۆ هەمــوو پەرلەمانتارێـک هەیە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسـەکە بکاتو سـەرنجیش لەسـەر وەڵامەکـان بدات. لەگەڵ ئەوانەشدا روونکردنەوە جیاوازە لە لێپرسینەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١. روونکـــردنەوە بـــۆ روونکـــردنەوەی سیاســـەتو ئەدای ئەنجـومەنی وەزیـرانو ئـاڵوگۆڕکردنی بیـروڕاو زانیـارییە، لەکاتێکدا لێپرسـینەوە بۆ هەڵسـەنگاندنی ئەدای سـەرۆکی

ئەنجــومەنی وەزیــرانو وەزیرەکــانە لەو کاروبــارانەی دەچنە نێو تایبەتکارییەکانیانەوە، جگە لەوەش لێپرسینەوە تۆمەتبــارکردنو ڕەخنەگــرتنو برینــدارکردنی ئەنــدامانی حکومەتی تێدایە.

٢. لە ڕوونکــردنەوەدا متمــانە لە حکــومەت وەرنــاگیرێتەوە، بەڵکو ئەو شـێوازە پاش ئەوەی حکـومەت قسـەی خـۆی دەکــاتو پەرلەمانتارەکــانیش تێبینــیو بیروبۆچــوونی خۆیـان لەبـارەیەوە دەدەن بە بڕیـاری داخسـتنی دەرگـای گفتوگۆ کۆتایی دێت[١]. لەوانەشە لە پاڵ بڕیاری داخسـتنی دەرگــای گفتوگــۆ بڕیــاری سوپاســگوزاری ئاڕاســتەی حکــومەت بکرێــت، یــا لە پاڵیــدا بڕیــاری ئــارەزووی ئەنجـومەن هەبێت بـۆ کـارێکی دیـاریکراو، یـان لەوانەشـە بڕیـاری داخسـتنی دەرگـای گفتوگـۆ بەبـێ هـیچ بڕیارێـک بێت.

هەرچـی لێپرسـینەوەیە ئەوا بەگـوێرەی دەسـتوور لە پێنـاو لێپرسـینەوەی سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـرانو وەزیرەکـانە لەو کاروبــارانەی دەچــنە نێــو تایبەتکارییەکانیــانەوە ئەنجــامی دیاریکراویشـی لێدەکەوێتەوە لە نێویشـیاندا وەرگـرتنەوەی متمـانە لە حکـومەت یـاخود لە یەکێـک لە وەزیرەکـان ئەگەر ئەنجـومەنی نـوێنەران بـڕوای بە وەڵامـی ئەو کەسـە نەهێنـا کە لێپرسـینەوەی لەگەڵ ئەنجام دەدات.

---

(١) د.یحیی الجمل، مصدر سابق، ص٣٧٦.

له هه‌مـــــوو ئه‌وانه‌دا بۆمـــــان روون ده‌بێـــــته‌وه‌ كه‌ روونكـردنه‌وه‌ به‌و پێـیه‌ی شـێوه‌یه‌كه‌ له‌ شـێوه‌كانی چـاودێری كه‌ ئه‌نجـومه‌نی نـوێنه‌ران له‌سـه‌ر ده‌سـه‌ڵاتی جێبه‌جێكـردن په‌یـڕه‌وی ده‌كـــات، له‌ رووی ده‌رئه‌نجامه‌كـــانیه‌وه‌ ســـووكتره‌ به‌ به‌راورد له‌گه‌ل لێپرسـینه‌وه‌ كه‌ له‌وانه‌یه‌ ببێـته‌ هـۆی وه‌رگـرتنه‌وه‌ی متمـانه‌ ئه‌گه‌ر پشـــتی به‌ به‌ڵـــگه‌و پاســـاوی یاســـایی نه‌به‌ســـتبوو. به‌ڵام ڕوونكــردنه‌وه‌ شــێوازێكی قورســتره‌ له‌ پرســیار ئاڕاســته‌كردن، به‌مه‌ش روونكــــردنه‌وه‌ شــــێوازێكی مامناوه‌نــــده‌ له‌ نێــــوان ئاڕاسته‌كردنی پرسیارو لێپرسینه‌وه‌دا، به‌ڵام جیاوازی له‌نێوانیـان له‌ رووی پـله‌وه‌ نیـیه‌، به‌ڵكـو له‌ رووی جه‌وهه‌رو نـاوه‌ڕۆكه‌وه‌یه‌ هه‌روه‌ك بینیمان.

## سێیه‌م: لێكۆڵینه‌وه‌ی په‌رله‌مانی

"لیژنه‌یه‌كـی كـاتییه‌ له‌ ئه‌نـدامانی په‌رله‌مـان پێكـدێت، له‌ پێنـاو گه‌یشـتن به‌ راسـتی رووداوه‌كـان، ده‌ربـاره‌ی كارێـك له‌ كاره‌كـانی ده‌زگاكـانی ده‌سـه‌ڵاتی جێبه‌جێكـردن ده‌بێـت، بـۆ ئه‌و مه‌به‌سـته‌ش ئه‌و لیـــژنه‌یه‌ بـــۆی هه‌یه‌ چـــاو به‌ هه‌مـــوو ئه‌و به‌ڵـــگه‌و فایـــلو دۆكیۆمێنتـــــانه‌دا بخشـــــێنێت كه‌ هه‌ڵگیـــــراون، بانگهێشـــــتی به‌رپرسـیارانیش بكـات بـۆ ئه‌وه‌ی روونكـردنه‌وه‌ی پێویسـتیان پـێ بده‌ن".

لێكـــۆڵینه‌وه‌ی په‌رله‌مـــانی له‌وانه‌یه‌ له‌لایه‌ن په‌رله‌مـــانه‌وه‌ به‌ ته‌واوی ئه‌ندامه‌كانیه‌وه‌ ئه‌نجام بدرێت، یـاخود له‌وانه‌یه‌ لیژنه‌یه‌كـی تـــایبه‌ت ئه‌و كـــاره‌ ئه‌نجـــام بـــدات (ئه‌وه‌ شـــێوازه‌ بـــاوه‌كه‌یه‌تی)،

زۆربەی جـــار پەرلەمـــان لێکـــۆڵینەوە بە یەکێـــک لە لیـــژنە هەمیشـــەییەکانی دەسـپێرێت یـاخود لیژنەیەکـی تـایبەت بـۆ ئەو مەبەستە پێک دێنێت[1].

شـــێوازی لێکـــۆڵینەوەی پەرلەمـــانی بە ڕێگەیەکـــی کـرداری دادەنرێـت، ڕێـگە بـۆ پەرلەمـان خـۆش دەکـات تـا کەموکورِییەکـانی دەزگـا ئیـدارییەکان بـدۆزێتەوە، جـا لەهەر رووییەکەوە بێت دارایی بێت یان سەربازی یان سیاسی، چونکە لەوانەیە برِیـاری ئەوە بـدات پشـت بەو زانیاریـانە نەبەسـتێت کە وەزیـرەکە پێشکەشـیان دەکـات ئەوەش لە ڕێـگەی گـوێگرتن لە شایەتحاڵەکانو پسپۆرو وردبوونەوە لە بەڵگەکان.

لێکۆڵینەوەی پەرلەمـانیش چەنـد جـۆرێکی هەیە کە ئەمـانەی خوارەوەن[2]:

١. **لێکـۆڵینەوەی پەرلەمـانی:** ئەو ڕێوشـوێنەیە دەسـەڵاتی یاسـادانان دەیگـرێتەبەر بـۆ دارِشـتنی بنەمـای دیـاریکراو، ئەو مـافەش بە دەسـەڵاتی یاسـادانان دراوە لە پـێگەی تایبەتکارییە یاساییەکانەوە.
٢. **لێکـۆڵینەوەی دادوەری (هەڵبـژاردن):** ئەو لێکـۆڵینەوەیە پەرلەمـان ئەنجـامی دەدات لە پێنـاو یەکلاییکـردنەوەی دروسـتی ئەو ئەنـدامانەی تـانە لە دروسـتی ئەنـدامێتیان

(١) د.رمزی طه الشاعر، مصدر سابق، ص٣٤١.
(٢) د.فـارس محمـد عمـران، التحقيـق البرلمـاني فـي الـدول العربيـة والامريكيـة والاوروبيـة (دراسـة مقارنـة)، المركـز القـومي للاصـدارات القانونيـة، مصـر، ٢٠٠٨، ص٣١.

گیــراوە، ئەو لیــژنەیە ڕەوایــی ڕێوشــوێنەکانی هەڵبــژاردن دەخاتەڕوو.

٣. **لێکۆڵینەوەی سیاسی:** ئەو لیژنەیە لێکۆڵینەوە دەربارەی بارودۆخێک لە بارودۆخەکانی نێو یەکێک لە دەزگاکانی دەســـەڵاتی جێبەجێکـــردن دەکـــات بـــۆ دیـــاریکردنی سەرپێچییە سیاسییەکان تیایدا.

دەبێــت ئامــاژە بەوە بــدەین ئەو لیــژنەیەی لێکــۆڵینەوەی پەرلەمـــانی ئەنجـــام دەدات لیـــژنەیەکە بـــۆ گەیشـــتن بە راســـتی ڕووداوەکـــان، لیـــژنەی لێکـــۆڵینەوە ئەو دەســـەڵاتانەی نابێـــت کە دەسەڵاتی دادوەری هەیەتی لە بڕیاردانو سەپاندنی سزا، بەڵکو راپۆرت بەرز دەکاتەوە تاوەکو ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر، جا لەوانەیە پێشنیار بکات کەموکوڕی یاسایی پڕبکرێتەوە ئەگەر هەبوو، یاخود لەوانەیە پێشنیار بکات کێشەکە بەلایەنی پەیوەندار (دەسەڵاتی دادوەری) بدرێت بۆ لێکۆڵینەوە. لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانیش بۆ ئەوەی لەهەندێک کاروباردا دەسەڵاتی دادگاکانی هەبێـــت، ئەوا پێویســـتە ئەو دەســـەڵاتەی بە دەقـــی یاســـایی پـــێ ببەخشــرێت، ئەگینــا ئەو لیژنــانە نــاتوانن ئیــرادەی خۆیــان بەســەر تاکەکانـــدا بســـەپێنن، بۆیەشـــە دەســـەڵاتەکانی ئەو لیـــژنەیە لەنێـــو حەرمی پەرلەمان تێپەڕ ناکەن، ناشتوانی سنووری ئەو حەرەمە ببەزێنێت تەنها بە دەقی یاسایی راشکاو نەبێت[١].

---

(١) د.محمد كامل ليله، مصدر سابق، ص٩٢٨.

لیـــژنه تایبه‌تمه‌نـــده‌كانی نێـــو په‌رله‌مـــانیش ده‌بـــنه هـــۆی زیـــادكردنی توانـــای په‌رله‌مـــان له‌ چـــاودێریكردنی كاره‌كـــانی حكومه‌ت، چـونكه‌ ئه‌و لیژنـانه‌ له‌ بنه‌ڕه‌تـدا بـۆ سه‌رپه‌رشـتیكردنی كـارگێڕی دروسـتكراون نه‌ك ئاڕاسـته‌كردنی وه‌زاره‌ته‌كـان، ئه‌و لیژنـانه‌ش وه‌ك نـوێنه‌ری په‌رله‌مـان ئه‌و كـاره‌ ده‌كه‌ن، ده‌بنه‌ هـۆی ئاشـكراكردنی كه‌موكوڕییه‌كـانی حكـومه‌ت، دواتـر راسـپارده‌ی خۆیان به‌رزده‌كه‌نه‌وه‌ بۆ په‌رله‌مـان تـا گفتوگـۆو بڕیـاری له‌بـاره‌وه‌ بدرێت[1].

له‌ هه‌ندێك ولاتدا رێگه‌پێدراوی په‌رله‌مانی (ئه‌لئه‌مبۆدسمان) هه‌یه‌ كه‌ به‌ لیـــژنه‌ی لێكـــۆڵینه‌وه‌ی په‌رله‌مـــانیه‌وه‌ گرێـــدراوه‌، ڕێگه‌پێدراوی په‌رله‌مانی له‌ سالّی (١٩٠٨) له‌ سـوید هـاته‌ كـایه‌وه‌، كاتێـك داوا له‌ (ئه‌لفرێـد بیكسـیلیس) كـرا وه‌ك لێكـۆڵه‌ره‌وه‌یه‌كی په‌رله‌مانی سیفه‌تێك بداته‌ پاڵ كاره‌كه‌ی، ئه‌ویش وتـی مـن وه‌ك پاســـه‌وانێكی مـــافی خه‌ڵـــك وام، ئه‌وه‌ش له‌ پێنـــاو رێگه‌گـــرتن له‌ خراپ به‌كارهێنـانی ده‌سـه‌لات له‌لایه‌ن ده‌سـه‌لاتی جێبه‌جێكـردنه‌وه‌، ئه‌و بیـــرۆكه‌یه‌ش له‌ ســـالّی (١٩٦٧) به‌ده‌ركردنـــی یاســـای رێگه‌پێـدراوی په‌رله‌مـانی، بـۆ به‌ریتانیـا گـوازرایه‌وه‌، كه‌ له‌ســه‌ر ئامۆژگاری حكومه‌ت له‌لایه‌ن پادشاوه‌ داده‌مه‌زرێت[2].

له‌ دواجاریشــدا لیـژنه‌ی لێكـۆڵینه‌وه‌ بـۆی نیـیه‌ بڕیـار ده‌ربكـات، به‌ڵكـو ته‌نهـا وه‌ك ده‌زگـایه‌ك وایه‌ بـۆ كـۆكردنه‌وه‌ی زانیـاری، بۆیه‌شــه‌ پێویســته‌ راپۆرتێـك ئامـاده‌ بكـات ده‌ربـاره‌ی

---

(١) د.ابوالحجاج عبدالغنی السید، مصدر سابق، ص١٧٠.
(٢) نفس المصدر، ص١٧٢.

دەرئەنجامی کارەکانی، بۆ پەرلەمان بەرزی بکاتەوە، تا پەرلەمان بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتانەی پێ بەخشراوە بڕیار وەربگرێت.

**چوارەم: لێپرسینەوە**

مافی پەرلەمانتارە لە تۆمەتبارکردنی ناڕاستەوخۆی حکومەتو لێپرسینەوە لێی یاخود لە یەکێک لە وەزیرەکانی دەربارەی ئەو پێشێلکاری یان ئەو هەڵانەی کە ئەنجامدراون، پەرلەمانتار بەبەڵگەو دۆکیۆمێنت ئیدانەی سیاسەتی حکومەت یان وەزیر دەکات، تا دەرگای گفتوگۆ لەبەردەم پەرلەمان بکاتەوە بە ئامانجی جوڵاندنی بەرپرسیاریێتی سیاسی حکومەت یاخود یەکێک لە وەزیرەکانی ئەوەش پاش گوێگرتن لە وەڵامەکانی حکومەت دەربارەی ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵیان. کەواتە لێپرسینەوە روونکردنەوەیەکە تۆمەتبارکردنی لە پاڵە یاخود رەخنەگرتنە لە هەڵسوکەوتێک لەو هەڵسوکەوتە گشتییانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەیانکات.

زۆربەی دەستوورەکانیش کۆمەڵێک گەرەنتی دیاری دەکەن لە کاتی بەکارهێنانی لێپرسینەوە، گرنگترین ئەو گەرەنتیانەش ئەنجامنەدانی لێپرسینەوەیە تەنها پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاریکراو لەپێناو دەرفەتدان بە حکومەت بۆ دیراسەکردنی بابەتی لێپرسینەوەکەو ئامادەکردنی وەڵام دەربارەی. لێپرسینەوەش نابێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی دووانە لەنێوان پەرلەمانتارو وەزیری پەیوەندیدار، بەڵکو بۆ هەموو ئەندام پەرلەمانەکان هەیە بەشداری بکەن لە لێپرسینەوە

له وەزیرو داوای لێبکەن چاو بەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتو فایلانەدا بخشێنن کە لە لایەن وەزارەتەکەوە هەڵگیراون.

لێپرسینەوەش مافی کەسی ئەو پەرلەمانتارە نییە کە داوای لێپرسینەوەکەی کردووە، بەڵکو ئەمە دەبێتە هۆی وروژاندنی گفتوگۆیەکی گشتیو هەموو ئەندام پەرلەمانەکان بەشداری تێدا دەکەن، بۆیەشە ئەگەر ئەو پەرلەمانتارەی لێپرسینەوەکەی پێشکەشکردووە تەنازولی کرد، ئەوا لێپرسینەوەکە بەو تەنازە لە کۆتایی نایەت، بەڵکو بۆ پەرلەمانتاری تر هەیە هەمان لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیر بکات.

بۆ پەنابردنە بەر لێپرسینەوەش کۆمەڵێک مەرج هەن، کە مەرجی "رواڵەتی" و مەرجی "بابەتی" ین، سەبارەت بەمەرجە رواڵەتییەکان پێویستە لێپرسینەوەکە بە شێوەیەکی نووسراو پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێت، تیایدا بە شێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا هەموو خاڵەکان دیاریکرابن تا ئەو کەسەی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت بتوانێت بە ئاسانی بەرگری لە خۆی بکات. پێویستیشە لێپرسینەوەکە ئاڕاستەی سەرۆک وەزیران یاخود وەزیر بکرێتو تیایدا تۆمەتبارکردن یاخود کەمتەرخەمی لەخۆ بگرێت. هەروەها لەبەرئەوەی لەوانەیە لێپرسینەوە ببێتە هۆی وەرگرتنەوەی متمانە لەحکومەت، بۆیە پێویستە گفتوگۆی لێپرسینەوە ئەنجام نەدرێت تەنها دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی باش لە پێشکەشکردنی لێپرسینەوەکە نەبێت، تا دەستەی وەزارەت تووشی شۆک نەبێت، ئەوەش بۆ ئەوەیە تا خۆی بۆ گفتوگۆکە ئامادە بکات.

جـــگه لەوانەش دەبێـــت لێپرســـینەوەکە زاراوەو وشـــەی ناشایســـتەی تیـــادا نەبێــت، بەڵکــو دەبێــت تەنهــا بە نــاوەڕۆکی بابەتەکەوە پەیوەندیدار بێت.

هەرچـــی پەیوەنـــدی بەمەرجە بابەتییەکانیشـــەوە هەیە ئەوا دەبێـت لێپرسـینەوەکە بەپـێچەوانەی دەقەکـانی دەسـتوورو یاسـا نەبێــت، ئەو بابەتـــانەی لێپرســـینەوەیان دەربـــارە دەکرێــت بـــێ سنوورن مادام سەرپێچی بنەمای دەستوور و یاساکان ناکەن.

هەروەهـــا دەبێـــت لێپرســـینەوەکە لە کاروبارێکـــدا بێـــت کە پەیوەنـــدی بە تایبەتکارییەکـــانی حکـــومەتەوە هەبێـــت، بۆیەشـــە ناکرێت لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیری داد بکرێت لە کارێکدا کە لە تایبەتکارییەکـانی ئەو نیـیە، بـۆ نمـوونە ناتوانرێـت لێپرسـینەوەی لەگەڵ بکرێت لەمەڕ بڕیاری دادگا، بەڵام دەتوانرێت لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێـــت دەربـــارەی دواکەوتنـــی لێکـــۆڵینەوەی دادوەری، هەروەها دەتوانرێت لێپرسینەوە دەربارەی مەسـەلە تایبەتەکانیش لەگەڵ وەزیــر بکرێــت، بــۆ نمــوونە ئەگەر بینــرا وەزیــر یــاری (قوماری) دەکرد، چونکە لێرەدا عـورفی ئەخلاقی پێشێل دەکات، لەکاتێکدا ئەو نوێنەرایەتی هەیبەتی دەوڵەت دەکات، بەو کارەشی لە هەیبەتی دەوڵەت کەم دەکاتەوە[١].

جـــگە لەوەش نابێـــت لەداوای لێپرســـینەوەدا بەرژەوەنـــدی تایبەت هەبێت، هەر کاتێکیش ئامانج لە لێپرسینەوە هەڕەشـەکردن

(١) د.وسيم حسام الدين الاحمد، الرقابة البرلمانية على اعمال الادارة في النظام البرلماني والرئاسي (دراسة مقارنة)، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨، ص٣٣٢ والسيد صبري، مصدر سابق، ص٥٦٨.

بوو له سەرۆک وەزیران وەک ئامرازێک بۆ گوشارخستنەسەر حکومەت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت، ئەوا بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەیە ئەو لێپرسینەوەیە بەدوور بخاتەوە لەبەر نەبوونی بەرژەوەندی گشتی تیایدا[1].

هەروەها نابێت لێپرسینەوە له بابەتێک بکرێت کە پێشتر لەلایەن پەرلەمانەوە یەکلایی کراوەتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە چالاکی پەرلەمان تێکنەدرێت بەهۆی دووبارە وروژاندنی ئەو بابەتانەی کە پێشتر لەلایەن پەرلەمانەوە یەکلایی کراونەتەوە.

هەرکاتێکیش لێپرسینەوەکە کۆتایی هات ئەوا لەبەردەم پێنج ئەگەردا دەبین[2]:

١. ئاڕاستەکردنی ڕێزو سوپاس بۆ حکومەت، ئەگەر لە دەرئەنجامی گفتوگۆکان دەرکەوت حکومەت لە راپەڕاندنی کارەکانیدا کەمتەرخەم نەبووە.
٢. بڕیاردان بە گواستنەوە بۆ خشتەی کارەکان، ئەگەر گفتوگۆکان نەگەیشتن بە پێشنیاری دیاریکراو بۆ سەرزەنشتکردنی حکومەتو لێسەندنەوەی متمانە.
٣. پێدانی پێشنیارەکانی ئەنجومەن بە یەکێک لە لیژنەکان بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێک لەبارەیەوە پێش ئەوەی بڕیاری لەسەر وەربگرن.

---

(١) د.رأفت الدسوقي، مصدر سابق، ص١٣٥.
(٢) صادق أحمد علي يحيى، الاستجواب كوسيله للرقابه البرلمانية على أعمال الحكومة - دراسه مقارنه، المكتب الجامعي الحديث، ٢٠٠٨، ص١٢٦-١٣١.

٤. پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ وردبوونەوە لە راستی ئەو پێشێلکارییانەی دراونەتە پاڵ سەرۆک وەزیران یاخود وەزیر.
٥. لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیران یاخود وەزیر، ئەوەش وەک تۆمەتبارکردنی سەرۆک وەزیران یاخود وەزیر وایە.

برگە (٧/ج)ی مادده (٦١)ی دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) ئاماژەی بە لێپرسینەوە کردووەو تیایدا هاتووە "بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەیە، بەڕەزامەندی بیستو پێنج ئەندام، لێپرسینەوە ئاڕاستەی سەرۆک وەزیران یاخود وەزیرەکان بکەن، بۆ لێپرسینەوەیان لەو کارانەی دەچنە نێو تایبەتکارییەکانیانەوە، گفتوگۆش لەبارەی لێپرسینەوەکە ناکرێت تەنها بەلایەنی کەم دوای حەوت رۆژ نەبێت لە پێشکەشکردنی". ئەنجومەنی نوێنەرانیش دەتوانێت متمانەیان لێوەربگرێتەوە بەڕەزامەندی زۆرینەی رەهای ئەنجومەن، لەو رۆژەوەش بەدەست لەکارکێشاوە دادەنرێن (م/٦١ب٨أ).

## باسی دووەم
## بەرپرسیاری وەزاری

مەبەست لە بەرپرسیاری وەزاری ئەوەیە پەرلەمان مافی وەرگرتنەوەی متمانەی هەیە لە یەکێک لە وەزیرەکان یاخود لە حکومەت، ئەگەر دەرکەوت ئەو وەزیرە یاخود خودی حکومەت بەرپرسە لە کەموکورییەکی دیاریکراو.

کەواتە بەرپرسیارێتی وەزاری دوو شێوازە:

**یەکەم: بەرپرسیارێتی بە کۆمەڵ.**

**دووەم: بەپرسیارێتی تاکڕەوانە.**

### یەکەم: بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ

ئەو بەرپرسیارێتییەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی تەواوی وەزارەتەکان دەست لەکار بکێشنەوە، ئەگەر هاتوو ئەو رەفتارەی بەرپرسیارێتییەکەی دروست کردبوو پەیوەندیدار بوو بە سیاسەتی گشتی وەزارەت، یاخود پەیوەندیدار بوو بە خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، چونکە سەرۆک وەزیران سیمبولی سیاسەتی گشتیو ئاراستەکەری کارەکانی وەزارەتە.

ئەو بەرپرسیارێتییەش لەگەڵ رۆڵی ئەنجومەنی وەزیران لە سیستەمی پەرلەمانیدا دەگونجێت، چونکە ئەنجومەنی وەزیران سیاسەتی جێبەجێکردن دادەڕێژێتو سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکات، بۆیەشە هەر کاتێک بڕیاری بەرپرسیارێتی بە کۆمەڵی ئەنجومەنی وەزیران درا ئەوا پێویستە هەموو

وەزیرەکـــان دەســـت لەکـــار بکێشـــنەوە، تەنـــانەت ئەگەر وەزیرێکیشیان تێدابوو دژی ئەو سیاسەتە بوو کە ببووە هۆی بەرپرسیارێتییەکە، چونکە سیستەمی پەرلەمانی لەسەر بنەمای پرەنسیپی هاوکاری وەزاری دروست بووە[1].

مەســـەلەی بەرپرســـیارێتی بە کـــۆمەڵ مەســـەلەیەکە هەریەک لە سەرۆک وەزیران و پەرلەمان دیاری دەکەن، مافی سەرۆک وەزیرانە ڕاییگەیەنێت حکومەت بەرپرسە لەگەڵ ئەو وەزیـــرەی کە بەرپرســـیارێتی خـــراوەتە ئەســـتۆ، هەروەهـــا دەشتوانێت رایبگەیەنێت حکومەت بەرپرس نییە، بەڵکو تەنها وەزیرەکە بەرپرسە.

بەرپرسیارێتی بە کۆمەڵیش وا باوە کاتێک لێپرسینەوە لە سەرۆک وەزیران لە بابەتێک لەبابەتەکانی سیاسەتی گشتی سەرهەڵدەدات، یان لەوانەیە هەندێک جار لەگەڵ یەکێک لە وەزیرەکانی حکومەت سەرهەڵبدات، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت بەتەواوی دەست لەکار دەکێشێتەوە، ئەوەش لەحاڵەتێکدا دەبێت ئەگەر سەرۆک وەزیران رایگەیاند هاوکارە لەگەڵ ئەو وەزیرەی هەڵسوکەوتەکەی خراوەتە پاڵ، بە مەرجێک راشکاوانە ئەوە رابگەیەنێت.

(١) د.رمزی طه الشاعر، مصدر سابق، ص٢٤٦-٢٤٧.

**دووەم:بەرپرسیاریێتی تاککرەوانە**

ئەو جـــۆرە بەرپرســـــیاریێتییەیە پەیوەندیـــــدارە بە وەزیریـێـک یـاخود بە چەنـد وەزیریـێکی دیـاریکراو، واتە وەزیـرەکە بەرپرس دەبێت لەو سیاسەتە تایبەتەی گرتوویەتیەبەر.

هەر ئەنـــدامێک لە ئەنـــدامانی حکـــومەت بە تەنهـــا بەرپـرس دەبێـت لە هەمـوو هەڵسـوکەوتێک لەو هەڵسـوکەوتانەی کە پێویســـتی بە رەزامەنـــدی ئەنجـــومەنی وەزیـــران نیـــیە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ تەنها خۆی هەڵسوکەوتی تێدا دەکات لە نێو وەزارەتەکەی.

ئەو بەرپرســـــیاریێتییەش ســـــەرهەڵدەدات کاتێـــــک لێپرسـینەوە لەگەڵ وەزیریـێـک دەکرێـت سـەبارەت بە کـردەوەیەک کە ئەنجـامی داوە، جـا ئەو کـردەوەیە کردەوەیەکـی ئەرێنـی بێـت یـاخود نەرێنـی بەوەی کـارێکی ئەنجـام نەدابێـت کە لەسـەریەتی ئەنجـــامی بـــدات، لەو حاڵەتەشـــدا ئەگەر پەرلەمـــان بڕیـــاری دا متمـانەی لێـوەربگرێتەوە پێویســـتە ئەو وەزیـرە بەتەنهـا دەسـت لەکار بکێشێتەوە.

بەڵام هەندێک جار بەربەست دێتە پێشـەوە کاتێک ئەو هەڵسـوکەوتەی دەبێـتە هـۆی بەرپرسـیاریێتی هـاوبەش لە نێـوان چەنـد وەزارەتێکـدا، لێرەشـدا وا لێکـدەدرێتەوە بەرپرسـیاریێتییەکە هاوبەشـــە لەگەڵ دیـــاریکردنی بەرپرســـیاریێتی تـــاکڕەوانەی هەر وەزیریـــک لە رێـــگەی لیژنەیەکـــی لێکـــۆڵینەوەی تـــایبەت بەو مەبەستە[1].

---

(١) د.ابوالحجاج عبدالغی السید، مصدر سابق، ص١٨٢.

کەواتە هەندێک جار ئەستەمە پێوەرێک دیاری بکرێت بۆ جیاکردنەوەی ئەو کارانەی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ، لەگەڵ ئەو کارانەی دەبنە سەرهەڵدانی بەرپرسیارێتی تاکڕەوانە، بۆیەشە دەستوورەکان لەو حاڵەتەدا بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ تەنها بە سەرۆک وەزیران دەبەخشن، بۆ وەزیرێکو ژمارەیەک وەزیر نییە ئەو بابەتە لە خۆیانەوە بوروژێنن، ئەگەرچی بۆیان هەیە دەست لەکار بکێشنەوە یاخود متمانەیان پێبدرێتەوە[1].

لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتی بەهەردوو شێوەکەی مەسەلەیەکی مەترسیدارەو دەبێتە هۆی ناسەقامگیری وەزاری بە تایبەتیش ئەگەر پەیوەندی نێوان وەزارەتو پەرلەمان ئاڵۆز بوو یا ئامانج لە بەکارهێنانی بەرپرسیارێتی بۆ بەرژەوەندی گشتی نەبوو، ئەوا یاسادانەری دەستووری کۆمەڵێک ڕێکاری دیاریکردووە بۆ بەکارهێنانی بە تایبەتیش بوار ڕەخساندن لەڕووی ماوەو ڕێکەوت تا بەکارهێنانی دوابخرێت بە مەبەستی ئەوەی ئەو جۆرە بڕیارە لە ئەنجامی هەڵچوونی حزبیو تێکالآنی سیاسیەوە نەبێت.

---

(١) د.رأفت الدسوقی، مصدر سابق،ص١٤١.

## باسی سێیەم
## دروستی ئەندامیەتی پەرلەمان

هەندێک جار کێشە لەسەر دروستی ئەندامێتی پەرلەمان دروست دەبێت، جا ئەو کێشانە لەوانەیە پەیوەندییان بەمەرجەکانی خۆپاڵاوتنەوە هەبێت، لەوانەشە هەندێک جار پەیوەندییان بەخودی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکەوە هەبێت، یا پەیوەندییان بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە هەبێت ...هتد، ئەوەش پێویست بەیەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێیە دەکات لە نێوان ئەو پەرلەمانتارەی تانەی لێگیراوەو ئەو لایەنەشی کە تانەی لێگرتووە.

بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر لەچارەسەر هەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی دروستی ئەندامانی پەرلەمان:

**یەکەم: چاودێری پەرلەمان لەسەر دروستی ئەندامانی.**

**دووەم: چاودێری دادگا لەسەر دروستی ئەندامانی پەرلەمان.**

**سێیەم: چاودێری تێکەڵاو.**

### یەکەم: چاودێری پەرلەمان لەسەر دروستی ئەندامانی

سەرەتای دروستبوونی سیستەمی پەرلەمانی بۆ بەریتانیا دەگەڕێتەوە، ئەو سیستەمەش لەناکاو دروست نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی گەشەسەندنێکی دوورودرێژ دروست بووە، لەسەرەتاشدا هەر لە ساڵی ١٢٩٥، تا نەمانی حوکمی بنەماڵەی تیۆدۆر لە ساڵی ١٦٠٣ پادشای بەریتانیا چاودێری دروستی ئەندامانی پەرلەمانی دەکرد[١].

---

(١) د.حسين عثمان محمد عثمان، الرقابة على صحة عضوية البرلمان- دراسه مقارنه، الدار الجامعيه للطباعة والنشر- الاسكندرية، ١٩٩٠،ص٢٣.

بەڵام دواتــر کۆمەڵێــک هۆکــار بــوونە هــۆی ئەوەی خــودی پەرلەمـــان پەیـــڕەوی چـــاودێری لەســـەر دروســـتی ئەنــدامەکانی بکـــات، لەوانەش پاشەکشـــەکردنی دەســـەڵاتەکانی پادشا، بەهێزبوونی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان، هەروەها گۆڕانیش بەســەر جــۆری پەیوەنــدی نێــوان پەرلەمـــان و پادشـــادا هـــات، بەجۆرێک بەهاتنی بنەماڵەی ستیوارس پەیوەندی نێوان پادشا و پەرلەمـــان تێکچـــوو، ململانـــێ ســـەری هەڵـــدا، جـــگە لەوانەش ســــــوووربوونی پەرلەمـــــان بـــــوو لەســــــەربەخۆبوونی لە رووبەڕووبـــونەوەی پادشـــادا، ئەو ســـووربوونەش وای کـــرد پەرلەمـــان تـــاکڕەوانە پەیـــڕەوی چـــاودێری لەســـەر دروســـتی ئەندامەکانی بکات(١).

بەڵام کۆمەڵێک رەخنە ئاڕاستەی چاودێریی پەرلەمانی ئینگەلتەرا کراوە کە ئەمانەن:

١. **سروشتی دادوەری چاودێری لەسەر دروستی ئەندامێتی پەرلەمـان:** گومانی تێدا نییە ئەو لایەنەی تایبەتمەندە بە چاودێری لەسەر دروستی ئەندامێتی پەرلەمان لە ڕووی بابەتییەوە دادگایە، چونکە کۆمەڵێک مەسەلەی یاسایی ورد دەوروژێنێـت کە پەیوەنــدارن بە دەســـتەبەرکردنی مەرجەکانی ئەندامێتی لە پاڵێوراودا، دروستی دەنگەکان، یا بەتاڵکردنەوەیان، تا چەندیش ئەنجامە راگەیەندراوەکان لەگەڵ پرەنسیپەکانی یاسادا گونجاوە....، هەموو ئەوانەش بـۆ هەڵســـەنگاندنیان پێویســـت بە مەعریفیەکـــی یاســـایی دەکات(٢).

(١) نفس المصدر، ص٣٣-٤٠.
(٢)نفس المصدر،ص٥٧.

بەخشینی دەسەڵاتی یەکلاییکردنەوەی دروستی ئەندامێتی پەرلەمان بە ئەنجومەنی نوێنەران، وای لێدەکات لەیەک کاتدا هەم لایەنێک بێت لە لایەنەکانی ناکۆکییەکە، هەم دادوەریش بێت، ئەوەش پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دادپەروەرییە، بەشدارنەبوونی ئەو ئەندامەش کە تانەی لێگیراوە بە بۆچوونی ئەو کاریگەری نابێت لەسەر ئەوەی هەم لایەنێکە لە ناکۆکییەکە هەم دادوەریشە[١].

٢. **سروشتی سیاسی ئەنجومەنی گشتی (لە بەریتانیا):**
ئەنجومەنی گشتی وەک زۆربەی ئەنجومەنەکانی نوێنەران دەستەیەکی سیاسییە، لە دادوەر پێکنەهاتووە تا ململانێکان یەکلایی بکاتەوە، بەڵکو لە کەسانی سیاسی پێکهاتووە، ئەرکیان دانانی یاساکانە نەک جێبەجێکردنیان، راستە ئەو ئەنجومەنە هەندێک کەسی یاسایی تێدایە، بەلام ئەو ئەندامانە هاتوونەتە پەرلەمان، تا لە چوارچێوەی ئەو پرەنسیپانەی کە لەسەر بنەمای هەڵبژێردراون گوزارشت لە ئیرادەی گەل بکەن، واتە ئەنجامدانی کارێکی سیاسی ئەوەش نابێتە هۆی گەرەنتی بێلایەنی و دادپەروەری لە کاتی یەکلاییکردنەوەی ململانێکە[٢].

**دووەم: چاودێری دادگا لەسەر دروستی ئەندامێتی پەرلەمان**

لەبەرئەوەی لە رووی پراکتیکییەوە دەرکەوت هەڵسوکەوتی ئەنجومەنی نوێنەران لە زۆربەی وڵاتان، لەگەڵ

---

(١) د.سامي جمال الدين، الطعون الانتخابية البرلمانية لعضوية مجلسي الشعب والشورى وفقاً لتعديلات الدستور عام ٢٠٠٧ واحكام القانون والقضاء حتى عام ٢٠١٠، دار الجامعة الجديدة- مصر، ٢٠١١، ص٣٢١.
(٢) د.حسين عثمان محمد عثمان، مصدر سابق، ص٦٠.

سروشـتی پێکهـاتەی ئەنجـومەنی نـوێنەران ناگونجێـت، چـونکە یەکلاییکـردنەوەی ئەو جـۆرە ململانێیـانە پێویسـتی بە بێلایەنـی هەیە، ئەو بێلایەنـیەش لەبەر رۆشـنایی زۆریـنەی حزبـی نێـو پەرلەمانـدا نـایەتەدی، بەتـایبەتیش لە کـاتی شـەڕی هەڵبژاردنـدا، بۆیەشـە زۆربەی یاساناسـەکان بانگەشـە بـۆ ئەوە دەکەن کە یەکلاییکردنەوەی ململانێی دروستی ئەندامێتی پەرلەمان، تەنها بە دادگا بسـپێردرێت، بەو پێیەی تـوخم و رەگەزەکانی لێهاتوویی و شارەزایی و بێلایەنی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا هەیە.

**سێیەم: سیستەمە تێکەڵاوەکان**

هەنـدێک لە وڵاتـان، هەردوو سیسـتەمەکە (واتە چـاودێری پەرلەمـان و چـاودێری دادگـا)یـان تێکەڵاوکـردووە، بەمەش توانیویـانە لایەنە چاکەکانی هەردوو سیستەمەکە لەیەکدا کۆبکەنەوە لێرەشـدا دەتـوانین جیـاوازی لە نێـوان دوو تێـڕوانین بکەین[1]:

أ-تێڕوانینێـک ئەرکـی یەکلاییکـردنەوەی دروسـتی ئەنـدامێتی پەرلەمان بەهەریەکە لە ئەنجومەنی نوێنەران و دادگا دەسپێرێت.

ب-تێڕوانینێکـی تـر هەیە پێـی باشـە دەسـتەیەکی بـاڵای دەسـتووری بـێلایەن بـۆ ئەو مەبەسـتە دابمەزرێـت، وەکـو ئەنجـومەنی دەسـتووری لە فەرەنسـا، کە لە نێـو تایبەتکارییەکـانی ئەو ئەنجـومەنەدا ئەرکـی یەکلاییکـردنەوەی تانەکـانی هەڵبژاردنـی پێ سپێردراوە.

---

(١) د.سـامی جمـال الـدین، الطعون الانتخابیـة البرلمانیـة لعضـویة مجلسـي الشـعب والشـوری وفقاً لتعدیلات الدستور عام ٢٠٠٧ وأحکام القانون القضـاء و حتـی عام ٢٠١٠، ص٣٢٥-٣٢٧.

# بەشی چوارەم

# چاودێری بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

## بەشی چوارەم

چاودێری پەرلەمانی کوردستان بۆ حکومەت بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨

### باسی یەکەم

### ئامرازەکانی چاودێری پەرلەمانی

**یەکەم: پرسیار**

دەکرێت بە شێوەی زارەکی یا نووسراوو بێت، لەڕێی دەستەی سەرۆکایەتیەوە، بۆ سەرۆک وەزیران، یا ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بنێردرێت[١].

**مەرجە رواڵەتییەکان**

١. پێویستە ئەندام بێت لە پەرلەمان: بەگوێرەی ماددەی (٥٨)ی پەیڕەو مافی پرسیارکردن بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان بڕیاری لەسەردراوە، بەگوێرەی دەقەکە "ئەندام، دەتوانێت، ........"، کەواتە ئەو مافە بە ئەندامانی پەرلەمان دراوە، هاووڵاتیان مافی ئاڕاستەکردنی پرسیاریان نییە بۆ سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان، تەنها لە ڕێگەی

(١) ماددە (٥٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان. " ئەندام، دەتوانێت، پرسیاری نووسراو، یان زارەکیی لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، بۆ سەرۆک وەزیران، یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بنێرێت، بۆ روونکردنەوەی بابەتێك کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆڕییەکەیان یان بابەتێك کە ئەندام زانیاری لەبارەیەوە نییە، یان دەیەوێت بەدواداچوونی لەبارەوە بکات، یان دەیەوێت رای حکومەت، لەبارەی بابەتێکەوە بزانێت".

ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە نەبێت، شـیکردنەوەی ئەو دەقەش ئامـاژەیەکە بـۆ ئەوەی کە پرسـیارکردن سـیفەتی تـاکی هەیە، پەیـــڕەو بە دەســـتەواژەی (ئەنـــدام دەتوانێـــت) گوزارشتی لێکردووە.

٢. دیـــاریکردنی ئەو کەســـانەی کە پرســـیارەکەیان ئاڕاستەدەکرێت: بەگوێرەی دەقی ماددەی (٥٨)ی پەیڕەو پرسـیار ئاڕاسـتەی "سـەرۆک وەزیـران، یـان ئەنـدامانی ئەنجـومەنی وەزیـران" دەکرێـت، کەواتە بەگـوێرەی ئەو دەقە پرسیار ئاڕاستەی ئەو کەسانە ناکرێت کە پۆستی حکومیان هەیەو پلەی وەزیفیان وەزیر نییە و ئەندام نین لە ئەنجومەنی وەزیران.

٣. ئەگەر پرســـیارەکە نووســـراو بـــوو ئەوا پێویســـتە ئەو مەرجانەی خوارەوەی تیادابێت[١]:

أ. دەبێـت پرسـیارەکە لەلایەن یەک ئەنـدام، یـان زیاترەوە پێشکەش کرابێت.

ب. نووسـراوی پرسیارەکە رێکەوتو واژۆی لەسـەر بێتو لەڕێی سەرۆکەوە ئاڕاستەکرابێت.

ج. دەبێـت پرسـیارەکە روونو پوخـت بێـت، لەهەمـان کاتدا مەبەستەکەی دیاریکراو بێت.

د. نابێـت تـوانجو رای تێـدابێتو لەکەداری کەسـایەتیەکانو دەسـتەو دامەزراوەکـانی هەرێـم نەکات.

---

(١) مادده (٥٩) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

ه. نابێت بابەتی پرسیارەکە، لەبەردەم دادگادا بێت و تێی بڕوانێت.

و. دەبێت پرسیارەکە، لە تایبەتمەندی ئەو وەزارەتە بێت، کە پرسیارەکەی ئاڕاستەکراوە، ناکرێت پرسیارێک ئاڕاستەی وەزیرێک بکرێت کە لە چوارچێوەو تایبەتمەندییەکانی ئەو نییە.

ز. نابێت پرسیارەکە پێچەوانەی دەستوورو یاساو بەرژەوەندی گشتی بێت.

ح. دەبێت پرسیارکەر دڵنیا بێت لەوەی ئەو پرسیارە پێشتر وەڵام نەدراوەتەوە.

ط. ئەو بابەتانەی ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کراون، پرسیاریان لەبارەیەوە ناکرێت، تا لیژنە راپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات، بەمەرجێک لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ، تێپەڕنەکات لیژنە راپۆرتەکە ئامادە بکات.

ي. ئەو پرسیارانەی، بۆ سەرۆک وەزیرانو جێگرەکەی دەنێردرێت دەبێت بەکارنامەو سیاسەتی گشتی حکومەتو جێبەجێکردنی یاسای بەرکار پەیوەست بن.

ک. ئەگەر زیاتر لە یەک ئەندام هەمان پرسیاری ئاڕاستەکرد، ئەوا پرسیارەکە بەناوی هەموو ئەو ئەندامانەوە ئاڕاستەدەکرێت کە پێشتر

پێشکەشـــیان کـــردووە، وێنەیەکـــی وەڵامەکەش ئاڕاستەی هەموو ئەو ئەندامانە دەکرێتەوە.

ڕێوشوێنی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام:[1]

١. ســـەرۆکی پەرلەمـــان لەماوەیەکـدا کە لە (٧) حەوت ڕۆژ تێپەڕنەکات لەبەرواری گەیشتنی پرسیارەکە، پرسیارەکە دەنێردرێت بۆ سەرۆک وەزیران یان ئەو وەزیرەی کە پرســـیارەکەی ئاڕاســـتەکراوە، لەڕێـــی ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.
٢. دەســـتەی ســـەرۆکایەتی، دەتوانێـــت ئەو پرســـیارانە ڕەتبکاتەوە، کە پێویستە لە پرسیاری نووسراودا هەبێت وەک لە مادده (٥٩) هاتووە.
٣. دەبێت ئەو لایەنەی پرسیارەکەی ئاڕاستەکراوە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا، وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە، لەهەموو بارێکدا نابێت وەڵامی پرسیارەکە، لە (٢١)بیست و یەک ڕۆژ زیاتر دوابخرێت.

## کۆتاییهاتنی پرسیار

ئەنـــدام دەتوانێـــت پرســـیارەکەی بکێشـــێتەوە، بە نووسراوێک ئاڕاستەی سەرۆکی بکات[2].

(١) مادده (٦٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) بڕگەی دووەمی مادده (٦١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بەڵام بە کۆتاییهاتنی وەرزی گرێدان پرسیار کۆتایی نایەت، تەنیا ئەو ماوەیە بۆ وەڵامی پرسیار دیاریکراوە نامێنێت و لەسەرەتای وەرزی گرێداندا سەر لەنوێ ماوەکە دەست پێدەکاتەوە.

## دووەم: خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ

ئامانج لە خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ روونکردنەوەی سیاسەتی حکومەتە لەبەرامبەر ئەو بابەتە، داواکاران بۆ گفتوگۆکردنی بابەتەکە هۆکاری بابەتی خۆیان هەیە، کە پەیوەندارە بە سیاسەتی حکومەت، و ئاستی ڕوونی یا شەفافیەت یا لێهاتوویی یا رونکردنەوەی جێبەجێبەجێکردنی سیاسەتەکانی، کەواتە ئامانج لێی روونکردنەوەی سیاسەتی حکومەتە و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕایە لە نێوان پەرلەمان و وەزارەتدا[١].

ئامرازێکە لە ئامرازەکانی چاودێریی پەرلەمانی کە ژمارەیەک ئەندام مافی داواکردنی وروژاندنی بابەتێکی گشتیان هەیە پەیوەندار بە سیاسەتی ناوخۆیی یا دەرەکی بۆ گفتوگۆکردن لە پەرلەمان، هەر ئەندامێکیش بیەوێت دەتوانێت بەشداری تیادا بکات[٢].

(١) د.فتحي فكري، القانون الدستوري - الكتاب الاول، دار النهضة العربية، ١٩٩٧، ص٥٢٢.

(٢) د.رمضان محمد بطيخ، تزايد دور السلطة التنفيذية وأثره على الديمقراطية، القاهرة، دار الفكر العربى، ١٩٨٨، ص٦٦.

له بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی (٦٦)دا هـاتووە "(١٠) ئەنـدام دەتـوانن، داوایەک پێشکەشـی دەسـتەی سـەرۆکایەتی بـکەن بـۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتەڕوو.....".

### مەرجە رواڵەتییەکان

١. پێشکەشـکردنی داوایەکـی نووسـراو بە دەسـتەی سەرۆکایەتی، داواکاری زارەکی وەرناگیرێت.
٢. پێویسـتە بەلایەنی کەم داواکاریەکە لەلایەن دە ئەندامەوە پێشکەش بکرێت.

### مەرجە بابەتیەکان

١. پێویستە داواکارییەکە بابەتەکە بە روونی دیاری بکرێت، دیـاریکردنی بـابەتی دیـاریکراو بـۆ گفتوگـۆکردن بەڵـگەیە لەسەر جددیەتی داواکارییەکە.
٢. ئەندامەکەش لە هەمـوو لایەنەکـانی بـابەتەکەی کـۆڵیبێتەوە کە داوای گفتوگۆی دەکات لەگەڵ هۆکارو پاساوەکانی.
٣. پێویسـتە ئەو ئەنـدامانەی واژۆیـان کـردووە ئامـادەبن و دەسپێکی ئاخاوتنیان پێبدرێت[1].
٤. رەزامەنـدی دەسـتەی سـەرۆکایەتی لە خسـتنە ڕووی بـابەتە گشـتییەکە بـۆ گفتوگـۆ، ئەگەر رازی نەبـوو، ئەو

---

(١) بڕگەی حەوتەمی مادده (٦٦) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

ئەندامانەشـــی کە واژۆیـــان کـــردووە پێـــداگرییان کـــرد، بابەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ یەکلاییکردنەوە[1].

٥. دەســـتەی ســـەرۆکایەتی دەبێـت لە ماوەیەکـدا کە لە (١٤) چـــوارده رۆژ تێپەڕنەکـــات وادەی ئەو دانیشـــتنە دیـــاری بکات.

## گفتوگۆکردن

١. پێویســـتە ئەو ئەنـــدامانەی واژۆیـــان کـــردووە ئامـــادەبن و دەسپێکی ئاخاوتنیان پێبدرێت[2].

٢. هەموو ئەندامێک دەتوانێت بەشداری لە گفتوگۆ بکات[3].

## ڕۆڵی حکومەت لە خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ:

٣. ســـەرۆک وەزیـــران، دەتوانێت داوا لە پەرلەمـــان بکـــات، بـــۆ ئەوەی بابەتێـــک، بـــۆ گفتوگـــۆ بەئامـــادەبوونی خـــۆی یـــان یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بخرێتەڕوو.

٤. حکومەت دەتوانێت داوای دواخستنی ئەو دانیشتنە بکات، بـــۆ مـــاوەیەک، کە لە (٧) حەوت رۆژ زیـــاتر نەبێـــت بەهەمـاهەنگی لەگەڵ دەســـتەی ســـەرۆکایەتی رۆژێکـــی تـــر دیاری دەکرێت.

---

(١) بڕگەی دووەمی ماددە (٦٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

(٢) بڕگەی حەوتەمی ماددە (٦٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

(٣) بڕگەی پێنجەم ماددە (٦٦) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**کشاندنەوەی داوای خستنەڕووی بابەتی گشتی بۆ گفتوگۆ**

حیکمەت لە دیاریکردنی ژمارەی (دە) ئەندام بۆ گەرەنتی جددیەتی داواکارییەکەیە لەلایەک، هەروەها لەپێناو بەهەدەرنەدانی کاتی ئەنجومەنە بۆ گفتوگۆکردنی بابەتێک کە لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانەوە پشتگیری گفتوگۆکردنی ناکرێت، بۆیە ئەو ژمارەیە پێویستە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکە. ئەگەر ئەو ڕێژەیە نەبێت داواکارییەکە قبوڵ ناکرێت.

"ئەگەر پێش دیاریکردنی کاتی دانیشتنەکە هەموو یان زۆرینەی ئەندامان داواکەیان کشاندەوە سەرۆک داواکەیان بەلاوە دەنێت"[1].

**بەمەش لەدوو حاڵەتدا گفتوگۆکە ئەنجام نادرێت:**

١. ئەگەر هەموو (واتە هەر دە داواکارەکە) داواکەیان کشاندەوە.
٢. ئەگەر زۆرینەی ئەندامان (واتە بەلایەنی کەم شەش ئەندام) داواکەیان کشاندەوە.

بەڵام لەهەردوو حاڵەتدا دەبێت کشاندنەوەی داواکارییەکە پێش دیاریکردنی کاتی دانیشتنەکە بێت، ئەگەر داواکاری کشاندنەوەکە کەوتە دوای دیاریکردنی کاتی دانیشتنەکە ئەوا داواکارییەکە بەلاوە دەنرێتو گفتوگۆکە ئەنجام دەدرێت.

(١) بڕگەی یەکەم مادده (٦٧) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**ئەنجامی خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ**

دوای ئەنجامــدانی گفتوگــۆکردن لەبــارەی بــابەتێکی گشتی، پەرلەمان لەبەردەم دوو ئەگەردا دەبێت[١]:

١. دەســتەی ســەرۆکایەتی، بــابەتەکە ئاڕاســتەی لیــژنەی پەیوەندیدار بکات، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی تایبەت لەبارەیەوە ئامادە بکات، دواتر پەرلەمان، بڕیارو ڕێوشوێنی پێویست بگــــرێتەبەر لەســــەر بنەمــــای ئەو ڕاپــــۆرتەی کە ئامادەدەکرێت.

٢. دوای گفتوگۆکە پەرلەمان راسپاردەی پێویست لەبارەی بابەتەکەوە دەربکات.

**سێیەم: لیژنەی لێکۆڵینەوە**

"ئەو لیــژنەیە پێکــدێت بە مەبەســتی کــۆکردنەوەی هەموو توخمەکانی زانیاری دەربارەی ڕووداوە دیاریکراوەکان‌و پێشکەشکردنی کارەکانی بەو ئەنجومەنەی کە دروستی کردووە، ئەوەش لەپێناو پاراستنی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری"[٢].

پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردســتان هــیچ ڕێوشــوێنێکی دیارنەکردووە لە بارەی چۆنیەتی پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، واباشتر بوو هاوشێوەی فەرەنسا سەرۆکی پەرلەمان

(١) بڕگەی سێیەم مادده (٦٧) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) عبدالحمید محجوب السقعان محمد، اللجان البرلمانیة - دراسە مقارنـة، دار النهضة العربیة - ٢٠١٠، ص٤٠٥.

داوا لە سەرۆکی فراکسیۆنەکان بکات بەو ناوانەی کە پێشنیاری پاڵاوتنیان دەکەن بۆ ئەندامێتی ئەو لیژنەیە.

ئەو لیژنەیە پێکدێت لەسەر پێشنیاری[1]

١. دەستەی سەرۆکایەتی.
٢. ٤/٢ چواریەکی ژمارەی ئەندامان، واتە بیست و هەشت ئەندام. بە دەنگی زۆرینەی ئەندامان لە کاتی پێویستدا پێکدەهێنرێت.
٣. دەستەی سەرۆکایەتی، لە دەرەوەی وەرزەکانی یاساداناندا، دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی تایبەتی هەیە.

**مەرجی بە ئەندامبوون لە لیژنەی لێکۆڵینەوە:**

١. دەبێت ئەندامی لیژنە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بێت، دەبێت ئەندامێتیشی بەردەوام بێت تا کۆتاییهاتنی کارەکانی لیژنەکە، بۆ لیژنەکەش هەیە پشت بە شارەزایانو راوێژکاران ببەستن[2]، بەمەرجێک رۆڵی راوێژکاران تەنها پێشکەشکردنی راوێژ دەبێت لە بارەی بابەتی لێکۆڵینەوە، بێ ئەوەی دەخالەتی ڕاستەوخۆ بکەن لە وتوێژی نێوان ئەندامانی لیژنەکە.
٢. نابێت ئەندامی لیژنە نهێنی کاری لیژنەکە بدرکێنێت، هەر ئەندامێک لە کاتی کارکردنی لیژنە، نهێنی کاری لیژنە

(١) بڕگە (١) مادده (٤٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) بڕگە (٢) مادده (٤٤)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بـــــدرکێنێت، ئەنـــــدامێتی لیـــــژنە لەدەســـــت دەدات[١]، بەرلەتەواوبوونی کاری لیژنەکە.

## ژمارەی ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە

پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ژمـارەی ئەنـــدامانی لیـــژنەی لێکـــۆڵینەوەی دیـــاری نەکـــردووە، بەڵکـــو دیـــاریکردنی ژمـــارەی ئەنـــدامانی لیـــژنەکەی بـــۆ پەرلەمـــان جێهێشتووە.

کەواتە بڕیـاری پەرلەمـان ژمـارەی ئەندامەکان دیـاری دەکاتو لە هەمان کاتدا سەرۆکی لیژنەکەش دیاری دەکات.

## ڕێوشوێنی کارکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە:

١. نابێت تێڕوانین لە بابەتە تاوانکارییەکان یا هەر بابەتێکی تر بکات، کە لەژێر تێڕوانینی دادگاکاندایە[٢].
٢. لە بنچینەدا دەبێت لیـژنەکە لەنـاو پەرلەمـان کۆبـوونەوەی خـۆی بکـات، ئەگەریـش ویسـتی کۆبـوونەوە لە دەرەوەی پەرلەمـــان بکـــات، پێویســـتە ڕەزامەنـــدی پەرلەمـــان وەربگیرێـــــت، ئەگەر پێشـــــتر ئەو ڕەزامەنـــــدییەی وەرنەگرتبـوو، وا باشـترە ئـازادی بە لیـژنەی لێکـۆڵینەوە بدرێت بۆ دیاریکردنی شـوێنی کۆبوونەوەکـانی بەگـوێرەی پێویستی کارەکانی تا بتوانێت بگاتە ڕاستی ڕووداوەکان.

---

(١) بڕگە (٤) مادده (٤٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) بڕگەی سێیەم لە مادده (٤٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣. ماوەی کارکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە:
أ. ماوەی کارکردنەکەی کۆتایی دێت بە کۆتاییهاتنی کاتی دیاریکراو[١]، لێرەدا پەیڕەو ماوەکەی دیاری نەکردووە، کەواتە دەبێت لە بڕیاری دروستکردنی لیژنەکەدا ئاماژە بە ماوەی کارکردنەکەی بدرێت.
ب. ماوەکەی دیاری ناکرێت، بەڵکو پەیوەستە بە تەواوبونی کارەکەی[٢].
٤. دانیشتنەکانی لیژنە: بەگوێرەی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٤٣)ی پەیڕەو پێویستە ئەندامانی لیژنە نهێنی کاری لیژنە بپارێزن، کەواتە دەبێت ئەندامان پابەند بن بە پاراستنی نهێنی کاری لیژنەکە تا ئامادەکردنی راپۆرتەکە بۆ گفتوگۆی پەرلەمان.
٥. واباشترە گفتوگۆی ئەندامانی لیژنەکە بنووسرێتەوە (پرۆتۆکۆل بکرێت)، ئەوە کاری لیژنەکە ئاسان دەکات، دەشتوانێت گفتوگۆ و تێبینی ئەندامانی لیژنەکە بگەڕێنەوە بۆ ئامادەکردنی راپۆرتی کۆتایی، هەروەها یارمەتیدەر دەبێت بۆ تۆمارکردنی ناوی ئامادەبووانو ئامادەنەبووانو پوختەی گفتوگۆکان.
٦. ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە: بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە هەیە بە نووسراو داوای ئامادەبوونی هەر کەسو لایەنێک بکات،

---

(١) ماددە (٤٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) ماددە (٤٦) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

به مەبەستی راوەرگرتن‌و گوێبیستبوونی وتەکانیان[1]، ئەگەر کەس‌و لایەنی بانگکراو بێ پاساو لە کاتی دیاریکراودا ئامادەنەبوو، ئەوا لیژنەکە دەتوانێت لە رێگەی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاگادار بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی داواکراو بە گوێرەی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییە بەرکارەکان لە هەرێم[2].

هەروەها دەتوانن داوای هەموو بەڵگەنامەو زانیارییەکی پێویست بکەن، پێویستیشە لەو بارەیەوە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەرکی لیژنەکە ئاسان بکات[3].

٧. ئامادەکردنی راپۆرت: بەگوێرەی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٤٥) "لیژنەی تایبەت، راپۆرت‌و راسپاردەکانی ئاڕاستەی سەرۆک دەکات، دوای دابەشکردنی بەسەر ئەندامانـدا، راپۆرتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان، بەمەبەستی تاوتوێکردن‌و وەرگرتنی بڕیاری گونجاو لەبارەیەوە". ئامانج لە ئامادەکردنی راپۆرت ئەوەیە کە هەموو زانیارییەکان لە بارەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە بدرێت بە پەرلەمان بۆ ئەوەی بە راستی رووداوەکان بگات.

---

(١) بڕگەی سێیەم خاڵی (١) ماددە (٤٤) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

(٢) بڕگەی سێیەم خاڵی (٢) ماددە (٤٤) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

(٣) بڕگەی یەکەم لە ماددە (٤٤) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٨. گفتوگـۆکردن لە پەرلەمـان: دوای ئامـادەکردنی راپـۆرت، دەدرێت بە سـەرۆکی پەرلەمـان، بەسـەر ئەنـدامان دابەش دەکرێـت بە مەبەسـتی تـاوتوێکردنو وەرگرتنـی بڕیـاری گونجاو لە بارەیەوە.

ئەگەر راپـۆرتەکە، لە نێـوان دوو وەرزی یاسـادانانـدا، ئاڕاسـتەی سـەرۆک کـرا، ئەوا بەپێـی گرنگـی بـابەتەکە، دەسـتەی سـەرۆکایەتی، بڕیـار لەسـەر دواخسـتنی خسـتنەڕووی بـۆ وەرزی نـوێی یاسـادانان دەدات، یـان ئەنجامـدانی کۆبـوونەوەی نائاسـایی بۆ خستنەڕووی بابەتەکەو بڕیاردان لەسەری.

واباشترە ئەو راپۆرتەی کە دەنگی لەسـەر دەدرێت لە رۆژنامەی رەسـمیدا بڵاوبکرێتەوە، تەنهـا ئەو راپۆرتـانە نەبێت کە پەرلەمـان بڕیـاری داوە لە دانیشـتنی نهێنیـدا گفتوگۆیـان لەبـارەوە بکـات، بڵاوکـردنەوەی ئەو راپۆرتـانە گرنگـی خۆیـان هەیە، چونکە وا دەکات رایگشـتی لێـی ئاگـادار بێتو گرنگـی پێبـداتو بەشـداری پەرلەمان بکات لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

## چوارەم: پرساندن

## مەرجە رواڵەتییەکان

١. واژۆکردنــی داواکــاری پرســاندن بە واژۆی (٥/١) پێــنج یەکی ژمارەی ئەندامان بـۆ پرسـاندنی سـەرۆکی وەزیـران، واژۆی (٦/١) شــەش یەکــی ئەنــدامان بــۆ پرســاندنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران[1].

---

(١) بڕگە یەکەم و دووەم مادده (٦٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢. دەبێت پرساندن ئاڕاستەی حکومەت بکرێت، زاراوەی حکومەت بەشێوەیەکی گشتی واتە هەموو تیمی حکومەت دەگرێتەوە لە سەرۆک وەزیرانەوە، تاوەکو هەموو وەزیرەکانی پێکهێنەری حکومەت[١].
٣. پێویستە داواکاری پرساندنەکە بە نووسین بێت[٢]، بۆیە نابێت داواکاری پرساندن بە زارەکی بێت، چونکە سروشتی پرساندن پێویست دەکات هەندێک مەرجو ڕێوشوێنی تیادا بێت تاوەکو لەڕووی ڕواڵەتەوە قبوڵ بکرێت.
٤. پێویستە داواکاری پرساندنەکە هاوپێچ بکرێت بە بەڵگەو زانیاریو بەڵگەنامەکان ئاڕاستەی سەرۆک دەکرێت[٣].
٥. پێویستە داواکاری پرساندن دەستەواژەی نەشیاوی تیادا نەبێت، ئەو ڕێچکەیەش لە پێشینە پەرلەمانەکانی دونیا کاری پێدەکرێت.

## مەرجە بابەتییەکان

١. پێویستە بابەتی پرساندن هاوتابێت لەگەڵ حوکمەکانی دەستوورو یاسادا، ئەوەش بنەمایەکی لۆجیکیە، چونکە پرساندن لە بنەڕەتدا تۆمەتبارکردنی حکومەتو ئەندامەکانیەتی بەسەرپێچیکردنی دەستوورو یاسا

---

(١) مادده (٦٨) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) بڕگە یەکەمی مادده (٧٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٣) بڕگەی یەکەمی مادده (٧٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

کارپێکراوەکان، بۆیە دەبێت پرساندن سەرپێچی نەبێت بۆ حوکمەکانی دەستوورو یاساکان، چونکە لە کۆتاییدا ئامرازێکی چاودێرییە بۆ پاراستنی دەستوورو یاساکان.

٢. پێویستە پرساندن بەرژەوەندی تایبەتی تیادا نەبێت، بەگوێرەی بنەما گشتییەکان، پرساندن مافێکی یاسایی دانپێدانراوە بۆ پەرلەمانتاران، بۆیە دەبێت بابەتەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێت، بەڵام هیچ رێگرییەک نییە لەوەی پەرلەمانتار پارێزگاری لە خۆیو بەرژەوەندی خۆی نەکات ئەگەر بەرژەوەندییەکەی پەیوەندار (یا بەشێک) بێت لە بەرژەوەندی گشتی.

٣. پێویستە پرساندن پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێت.

٤. پێویستە پرساندنەکە پەیوەندار بێت بە "کارنامەی حکومەتو هۆکارەکانی ئەو بڕیارو رەفتارو کارانەی کە دەکەونە بواری پسپۆرییەکەیان"[١]، کەواتە پرساندن لە کاروباری حکومەتدا دەبێت، جا مەسەلەکە ناوخۆیی بێت یا دەرەکی، گشتی بێت یا خۆجێیی.

## رێوشوێنەکانی پرساندن

دانانی پرساندن لە بەرنامەی کاری پەرلەماندا[٢]، بەگوێرەی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٧٠) "دەستەی

(١) مادده (٦٨) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

(٢) بڕگە چوارەمی مادده (٧٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سەرۆكايەتی پرساندن‌و وەڵامەكەی، لەبەرنامەی كاری نزیكترین دانیشتندا دادەنێت......". حیكمەت لەوەی كە پرساندن یەكسەر لەبەرنامەی كاری پەرلەماندا دانانرێت تا دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بۆ ئەوەیە دەرفەت بە پەرلەمان بدرێت تا دڵنیا بێت لە فەراهەمبوونی مەرجەكانی پرساندن، هەروەها بۆ ئەوەیە ماوەیەكیش بدرێت بە وەزیر تاوەكو خۆی بۆ گفتوگۆو بەرگریكردن ئامادە بكات.

بۆیە "گفتوگۆكردن لەسەر پرساندن ئەنجام نادرێت تا (٧) حەوت رۆژ، لە رێكەوتی گەیشتنی داواكارییەكە، بە سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزیران"[١].

گفتوگۆكردنی پرساندن

دوای دانانی پرساندن لە بەرنامەی كاری نزیكترین دانیشتنی پەرلەماندا، پێویستە ئەو كەسەی پرساندنی لێكراوە، لە رۆژی گەیشتنی پرساندنەكە لە ماوەیەک كە لە (١٤) چواردە رۆژ تێپەڕنەبێت وەڵام بداتەوە[٢]. گفتوگۆكردن لەسەر پرساندن ئەنجام نادرێت تا (٧) حەوت رۆژ، لە رێكەوتی گەیشتنی داواكارییەكە، بەسەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزیران[٣]، كەواتە دوای دانانی پرساندن لە بەرنامەی كار، پەرلەمان گفتوگۆ لە بارەی دیاریكردنی وادەیەک دەكات بۆ گفتوگۆ، ئەوەش بەرێككەوتن دەبێت لە نێوان پەرلەمان و وەزیردا.

---

(١) بڕگەی سێیەمی مادده (٦٩) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.
(٢) بڕگەی (٢)ی مادده (٧٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.
(٣) بڕگەی سێیەمی مادده (٦٩) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

دەستەی سەرۆکایەتیش پرساندنو وەڵامەکەی لە بەرنامەی کاری نزیکترین دانیشتندا دادەنێت، ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە لە کاتی دیاریکراودا، نەگەیشتە پەرلەمان ئەوا تەنیا پرساندنەکە، دەکرێتە بابەتی گفتوگۆی دانیشتنی تەرخانکراو[١].

**دوای خوێندنەوەی پرساندن و وەڵامەکەی، پڕۆسەی پرساندنەکە بەم شێوەیە دەبێت[٢]:**

١. ئاخاوتن، دەدرێتە ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووە، بۆ ماوەیەک لە (١٥) پازدە خولەک زیاتر نەبێت، دواتر بەهەمان کاتی دیاریکراو، دەرفەت بەکەسی پرسێندراو دەدرێت.
٢. هەریەکەیان، بۆ یەکجار لە ماوەی (٣) سێ خولەکدا مافی وەڵامدانەوەیان هەیە.
٣. دواتر دەرفەتی ئاخاوتن، بۆ ماوەی (٢) دوو خولەک، دەدرێتە هەریەکە لەو ئەندامانەی، کە پێشتر ناوی خۆیان تۆمارکردووە.

**ئامادەبوونو ئامادەبوونی پرسێندراو[٣]**

١. ئەگەر پرسێندراو، بەبێ هۆ ئامادەنەبوو، پڕۆسەی پرساندنەکە، بەبێ ئامادەبوونی پرسێندراو بەردەوام دەبێت.

---

(١) بڕگەی چوارەمی مادده (٧٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) بڕگەی یەکەمی مادده (٧١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٣) بڕگەی دووەمی مادده (٧١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢. ئەگەر ئامادەنەبوونەکە، بە پاساوێکی ڕەوا بوو، دەستەی سەرۆکایەتی کاتێکی تر، بۆ پرساندنەکە دیاری دەکات کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕنەکات، ئەگەر لەو ماوەیەشدا ئامادەنەبوو، حوکمی خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

## دواخستنی گفتوگۆی پرساندن

دەکرێت گفتوگۆی پرساندن دوابخرێت، ئەوەش لەحاڵەتی ئەوەی پرساندنەکە پێویستی بەلێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیاری هەبوو، پرسێندراویش نەیتوانی لەماوەی دیاریکراودا وەڵامی بداتەوە، ئەوا داوا لە سەرۆک دەکات بە دواخستنی پرساندنەکە بۆ ماوەیەک کە لە (٧) حەوت ڕۆژ زیاتر نەبێت. بەڵام ئەگەر دواخستنی پرساندن لەو ماوەیەدا زیاتر بوو ئەوا پێویستی بە ڕەزامەندی پەرلەمان دەبێت[١].

کەواتە پرسێندراو دەتوانێ داوای دواخستن بکات، بەمەرجێک نەتوانێت لەماوەی دیاریکراودا وەڵام بداتەوە، بەڵاَم ناتوانێت بۆ ماوەیەکی نادیار دوای بخات، بەڵکو ماوەکە بە حەوت ڕۆژ دیاریکراوە، ئەگەر لەوەش زیاتر بوو ئەوا دەبێت پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بدات.

ئەوەش لە حاڵەتێکدا ئەگەر پرساندنەکە پێویستی بە "لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیاری هەبوو" دوا دەخرێت بۆ وادەیەکی دیاریکراو، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە

---

(١) بڕگەی سێیەمی مادده (٧٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دەوڵەمەنـــدکردنی گفتوگۆکـــان بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەســـەر بەڵگەنامەو داتا دەوەستێت.

**کۆتاییهاتنی پرساندن**[١]

لەو حاڵەتانەی خوارەوەدا پرساندن کۆتایی پێدێت:

١. ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووە، دەتوانێت لەهەر قۆناغێـک لە قۆناغەکـانی پرسـاندن بە رەزامەنـدی ئەو ئەنـــدامانەی واژۆیـــان کـــردووە، داوای پرســـاندنەکە بکێشێتەوە.
٢. دەســت لەکارکێشــانەوەی ئەو ئەنــدامەی، کە پرســاندنی کردووە.
٣. دەســت لەکارکێشــانەوەی ئەو وەزیــرەی، پرســاندنی بــۆ کراوە.
٤. ئەگەر وەڵامــی پرســاندنەکە، بــاوەڕپێهێنەر نەبــوو، یــان دەنگی پێویستی نەهێنا، بۆ لێسەندنەوەی متمانە.

ســـەبارەت بەو پرســـاندنانەی کە لە وەرزێکـــی یاســـاداناندا پێشـکەش دەکـرێن‌و گفتوگۆیـان لەبـارەوە ناکرێـت، نـابێتە هـۆی کۆتاییهاتنی پرساندنەکە، بەڵکو دەخرێتە بەرنامەی کاری وەرزی یاسادانانی نوێوە[٢].

---

(١) مادده (٧٣) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) مادده (٧٢) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

## باسی دووەم
## لێسەندنەوەی متمانە

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لێسەندنەوەی متمانە تەنها لە حاڵەتی پرساندن دەبێت، واتە لە حاڵەتەکانی تردا ئەگەر وەڵامەکان بڕواپێهێنەریش نەبوون ئەوا ناتوانرێت متمانەی لێ وەربگیرێتەوە.

### مەرجەکانی لێسەندنەوەی متمانە

١. دەبێت پرۆسەی پرساندن ئەنجامدرابێت، جا بە ئامادەبوونی پرسێندراو بێت یان بەئامادەنەبوونی[١].

٢. دەبێت وەڵامی پرساندنەکە بڕوا پێهێنەر نەبێت بۆ پرسێنەر[٢].

٣. دەبێت پرسێنەر پێشنیازی لێسەندنەوەی متمانە بکات بە رەزامەندی زۆرینەی ئەندامان[٣].

٤. پێش دەنگدان لەسەر لێسەندنەوەی متمانە، دەبێت سەرۆک رێگە بدات بە ئاخاوتن لەسەر ئەم بابەتە، بە (٢) دوو ئەندام لەوانەی داوای لێوەرگرتنەوەی متمانە دەکەن و (٢) دوو ئەندامیش لەوانەی دژی لێسەندنەوەی متمانەن[٤].

---

(١) بڕگەی یەکەم مادده (٧٤)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) بڕگەی دووەم مادده (٧٤) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٣) بڕگەی دووەم مادده (٧٤) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٤) بڕگەی سێیەم مادده (٧٤) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٥. بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیران دەبێت دوو لەسەر سێی ئەندامان دەنگ بۆ لێسەندنەوەی متمانە بدەن[١].
٦. بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران پێویستە زۆرینەی رەهای ئەندامان دەنگی بۆ بدەن[٢].
٧. بابەتی لێسەندنەوەی متمانە دەبێت لە ماوەیەکدا کە لە (٥) پێنج رۆژ زیاتر نەبێت لەو رۆژەی پرساندن ئەنجام دەدرێت.

**ئەنجامی پرساندن**

ئەگەر پرساندن بە وەرگرتنەوەی متمانە، لەسەرۆک وەزیران کۆتایی پێهات، ئەوا کابینەی حکومەت بەدەست لەکارکێشاوە هەژمار دەکرێتو وەک حکومەتی کاربەڕێکەر بەردەوام دەبێت، تا ئەو کاتەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکان، کابینەی نوێ پێکدەهێنرێت[٣].

---

(١) برگەی چوارەم مادده (٧٤) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) برگەی پێنجەم مادده (٧٤) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٣) ماددەی (٧٥) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**باسی سێیەم**
**یەکلاییکردنەوەی ئەندامێتی پەرلەمان**

مەبەست لە یەکلاییکردنەوەی دروستی ئەندامێتی"وردبوونەوەیە لە پێگەی یاسایی نوێنەرەکە، هەر لە پێشکەشکردنی داواکاری خۆپاڵاوتن، تا دەگاتە راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئەوەش پێویست بەوە دەکات دڵنیا ببینەوە لە مەرجی خۆپاڵاوتن لە ئەندامێتیو هەڵبژاردنەکەش بەشێوەیەکی تەندروست ئەنجامدراوە، دەستەی دەنگدەران بەبێ بوونی هیچ پاڵەپەستۆیەک گوزارشتیان لە بیروبۆچوونی خۆیان کردووە، لە دوا جاریشدا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە راگەیەندراون گوزارشتێکی ڕاستەقینە بن، لەگەڵ یاسا هاوتا بن، ئەگەر ئەو سێ توخمە بەیەکەوە لە ئەندامێتی نوێنەرەکەدا هەبوو، ئەوا نوێنەرایەتییەکەی ڕاستو دروست دەبێت"[(١)].

لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ لە بڕگە (١)ی مادده (٥٦)ی هاتووە، پەرلەمان دەسەڵاتی "یەکلاییکردنەوەی ئەو تانانەی کە پێشکەشکراون لە بارەی دروستی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی، ئەندامێتیش بە زۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئامادەبووان نەبێ هەڵناوەشێتەوە".

لەوەشەوە بۆمان دەردەکەوێت یاسادانەری کوردستانی مەسەلەی یەکلاییکردنەوەی دروستی ئەندامێتی بە پەرلەمان سپاردووە، لە کاتێکدا دەستووری عێراق بە ڕێگەی

---

(١) د.صبری محمد السنوسي، الاختصاص بالفصل في صحة العضوية البرلمانية وحدود اختصاص مجلس الشعب، دار النهضة العربية، ٢٠٠٠، ل١٦-١٧.

تێکەڵاوی وەرگرتووە، واتە ئەو دەسەڵاتەی بە ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان) داوە، لە هەمان کاتیشدا رێگەی بەو ئەندامە داوە لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی تانە لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەران بگرێت.

## مەرجە رواڵەتییەکانی تانەگرتن:

١. سیفەتی تانەگرەکە:

أ. ئەندام بێت (ئەندام پەرلەمان بێت): ئەندام پەرلەمان دەتوانێت تانە بگرێت لە ئەندامێتی هەر ئەندامێکی تر[١].

ب. پاڵێوراو: پاڵێوراو بۆی هەیە تەنها تانە لە ئەندامێتی ئەندامی براوە لە لیستەکەی خۆی بدات[٢]، واتە پاڵێوراو ناتوانێت تانە لە ئەندامێتی براوە لە لیستێکی تری جیاواز لەخۆی بدات.

سوودی دیاریکردنی سیفەتی تانەگرەکە لەوەدایە کە ئەندامو پاڵێوراوی سەرنەکەوتوو لەڕیزبەندی پێشەوەی ئەو کەسانەدا دێن کە زانیاریان لە بارەی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی هەڵبژاردن هەیە.

٢. پێویستە تانەکە داواکارییەکی دیاریکراو لەخۆبگرێت کە پووچەڵکردنەوەی ئەندامێتی ئەندامێکی ترە کە وا

(١) بڕگە سێیەم مادده (٢١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان." سێیەم: هەموو ئەندامێك، مافی هەیە، تانە لە ئەندامێتی هەر ئەندامێکی دی بدات، هەر پاڵێوراوێك، لە لیستی براوەدا، دەتوانێت تانە لە ئەندامێتی ئەندامی براوە لە لیستەکەی خۆی، لە پەرلەمان بدات و داوای پوچەڵکردنەوەی هەڵبژاردنی و دروستی ئەندامێتیەکەی بکات".

(٢) هەمان سەرچاوە.

راگەیەنـــــدراوە ســـــەرکەوتووە، ئەمەش لەپێنـــــاو دەســـتکاریکردنی ئەنجـــامی راگەیەنـــدراو، بـــۆ ئەوەی پاڵێوراوێکی تر جێگەی ئەو پاڵێوراوە بگرێتەوە کە بەهەڵە سەرکەوتنی راگەیەندراوە[1].

٣. تانەکان بە نووسین دەبن[2]، واتە نابێت بەشێوەی زارەکی بن، نووسراوی تانەکەش پێشکەش بە سەرۆک دەکرێت، ئەویـش ئاڕاسـتەی لیـژنەی پێـداچوونەوە بە دروسـتی ئەندامێتی دەکات.

٤. تــانەکە لە مــاوەی وەرزی یاســادانانی یەکەمــی، دوای هەڵبژاردن، پێشکەشی سەرۆک دەکرێن[3].

### مەرجە بابەتییەکانی تانەگرتن:

**١. ئەهلیەتی پاڵێوراوی سەرکەوتوو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان:**

دەبێت ئەو پاڵێوراوەی سەرکەوتنی ڕاگەیەندراوە، مەرجە یاسـاییەکانی تیادابێـت تـا کورسـی پەرلەمـان بەدەسـت بهێنێت.

بەپێــی مــاددەی (بیســتو یەکەم) لە یاســای هەڵبژاردنــی پەرلەمـانی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هەمـوارکراو مەرجەکان بریتین لە:

---

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) بڕگەی چوارەمی مادده (٢١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان." چوارەم: تانەکان بەنووسین لەماوەی وەرزی یاسادانانی یەکەمی پەرلەماندا، دوای هەڵبژاردن، پێشکەشی سەرۆك دەکرێن و ئەویش ئاڕاستەی لیژنەی پێداچوونەوە، بە دروستیی ئەندامێتی دەکات".

(٣) هەمان سەرچاوە.

أ. له هاوولاتیانی کوردستان- عێراق بێتو لێی نیشتەجێ بێت.
ب. تەواو شیاو بێتو گەیشتبێتە تەمەنی بیستو پێنج ساڵ.
ج. بەچاکی خوێندنو نووسین بزانێت.
د. بەجۆرە تاوانێک حوکمی بەندکردن نەدرابێت کە لە رەوشتو ئادابی گشتیو دەستپاکی لایدابێت.
ه. بە تاوانی کوشتنی دەستەنقەست یان دزی حوکمی بەندکردن نەدرابێت.
و. لەو تاوانانەدا بەشداری نەکردبێت کە دەسەڵاتی سەرکوتکار لە کوردستاندا پلانی بۆ دانبێت یان ئەنجامی دابێت.

٢. **دروستی پرۆسەی هەڵبژاردن:** ئەمەش کۆمەڵێکی بەرفراوانی رێوشوێنەکانی هەڵبژاردن دەگرێتەوە لەوانە "بانگهێشتکردنی دەنگدەران بۆ دەنگدان، ماوەی پروپاگەندەی هەڵبژاردن، کاتی دەستپێکردنو کۆتاییهاتنی دەنگدان، رەوایی شێوازی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان، پێویستە ئەو شێوازانە نایاسایی نەبن وەک فێڵکردن، توندوتیژی، بەرتیلو جۆرەکانی تری فشار خستنەسەر دەنگدەر.

٣. **پێکهێنانی لیژنە:** بەگوێرەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی تایبەت بۆ چاودێری دروستی ئەندامێتی پەرلەمان لە سەرەتای هەموو خولێکی

هەڵبــژاردن پێکــدەهێنرێت بــۆ پێــداچوونەوە بەو تانــانەی پێشکەشــکراون لەســەر دروســتی ئەنــدامێتی. ئەو لیــژنەیە پێکدێت لە ژمارەیەک ئەندام کە لە (٥) پێنج ئەندام کەمتر نەبێــتو لە (٧)حەوت ئەنــدام زیــاتر نەبێــت، لە رێــگەی هەڵبــژاردنەوە پێکــــدەهێنرێت، بەڵام پەیــــڕەو چــــۆنیەتی هەڵبژاردنــی ئەنــدامەکانی ئەو لیــژنەیەو رێــژەی ئەنــدامی فراکســیۆنەکانی لەو لیــژنەیەدا دیــاری نەکــردووە، تەنهــا مەرجــی ئەوەی دیــاری کــردووە کە لەنێــوان ئەنــدامانی لیژنە، ئەندامانی تانەلێدەر یان تانەلێدراو لەسـەر دروسـتی ئەنــــدامێتی تێــــدا نەبێــــت[1]. لە یەکەم دانیشتنیشــــدا دوای پێکهێنــانی ئەنــدامانی لیــژنەکە لەنێــوان خۆیانــدا ســەرۆکو بڕیاردەرێــک بــۆ خــۆی هەڵبژێــرن[2]. واتە لە بڕیــاری پێکهێنــانی لیــژنە ئامــاژە بە نــاوی ســەرۆکو بڕیــاردەر ناکرێــت، بەڵکــو ئەو دەســـەڵاتە بــۆ خــودی لیــژنەکە جێدەهێڵرێت.

٤. شێوازی کارکردنی لیژنەکە: لیژنەکە، وێنەیەکی تـانەکە، بۆ ئەندامی تانەلێدراو دەنێرێت، بۆ ئەوەی لەو مـاوەیەی بۆی دیــاری دەکەن، بەرگریکــردن لەخــۆی پێشــکەش بکــات[3]. لیـژنەکە دەتوانێت هەمـوو ئەو بەڵگـانە ببینێت کە لەسـەر ئەنــــدامی تانەلێــــدراو پێشــــکەش کــــراون[4]. لیــــژنەکە

(١) بڕگەی دووەمی مادده (٢١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) بڕگەی دووەم مادده (٢١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٣) بڕگەی پێنجەم مادده (٢١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٤) بڕگەی پێنجەم مادده (٢١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پێداچوونەوە بە داوای تانەلێدان دەکاتو دەتوانێت هەموو کۆنووسو بەڵگەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی ئەندامی تانەلێدراو ببینێت[1]. لیژنەکە دەتوانێت بانگهێشتی گەواهیدەر (شاهد)و کەسی شارەزا بۆ گەیشتن بە ڕاستی بکات[2].

٥. یەکلاییکردنەوەی تانەکە: کاری لیژنە راسپێردراوەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە دروستی ئەندامێتی بە ئامادەکردنی راپۆرتێک لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە ڕۆژی ناردنی داواکە کۆتایی پێدێت، راپۆرتەکە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەخۆدەگرێت لەگەڵ ڕاسپاردە لە بارەی چۆنیەتی یەکلاییکردنەوەی ململانێکە.[3]ئەگەر تانەکە جددی نەبوو، یان زانیاری نادروستی لەخۆگرتبوو بە ئامانجی لەکەدارکردنی تانەلێدراوەکە، ئەوا لیژنەکە راپۆرتێک بە سەرۆک دەدات. سەرۆک دەتوانێت بە دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی بدات. بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر تانەلێدەر. تانەلێدراویش بۆی هەیە ڕاستەوخۆ بە دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی بدات. پەرلەمان بە زۆرینەی (٣/٢)ی دوو لەسەر سێی دەنگی ئامادەبووان، دروستی ئەندامێتی یەکلایی دەکاتەوە.

---

(١) بڕگەی شەشەم مادده (٢١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٢) بڕگەی شەشەم مادده (٢١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
(٣) بڕگەی شەشەم لە مادده (٢١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

# سەرچاوە:

**كتێب:**

**كوردى:**


١. د.بەختيار غەفور باڵەكى، پەرلەمان و كارى پەرلەمانى، يەكێتى پەرلەمانتارانى كوردستانك هەولێر، ٢٠١٣.


**عربي:**


١. د.افين خالد عبدالرحمن، المركز القانونى لعضو البرلمان، دراسة مقارنة،المركز العربى للنشر و التوزيع،القاهرة،٢٠١٧.

٢. د.دانا عبدالكريم سعيد، دور البرلمان فى الانظمة البرلمانية المعاصرة، منشورات الحلبى الحقوقية بيروت، الطبعة الاولى ٢٠١٣.

٣. د.رافد البهادلي و د.عثمان العبودي، التشريع بين الصناعة و الصياغة، ط١،منشورات الحلبي الحقوقية،بيروت،٢٠١٢.

٤. بختيار غفور البالكي، الوظائف غير التشريعية للبرلمان،ط١،مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠١٠.

٥. د.عبدالقادر الشيخلي، فن الصياغة القانونية،دار الثقافة والنشر والتوزيع، عمان،١٩٩٥.

٦. د.محمد كامل ليلة، النظم السياسية- الدولة والحكومة، دار النهضة العربية للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٦٩.

٧. د.رأفت الدسوقى، هيمنة السلطة التنفيذية على اعمال البرلمان، منشأة المعارف بالاسكندرية، ٢٠٠٦.

٨. د.أبوالحجاج عبدالغنى السيد، المسئولية الوزارية فى النظم الوضعية المعاصرة وفى النظم الاسلامية، دار النهضة العربية، ٢٠١٠.
٩. د.رمزى طه الشاعر، النظرية العامة للقانون الدستورى، مطابع دار السياسة- الكويت، ١٩٧٢.
١٠. د.زين بدر فراج، السؤال كوسيلة من وسائل الرقابة البرلمانية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩١.
١١. د.يحيى الجمل، النظام الدستورى فى الكويت- مع مقدمة فى دراسه المبادىو الدستورية العامة، مطبوعات جامعة الكويت، ١٩٧٠-١٩٧١.
١٢. د.فارس محمد عمران، التحقيق البرلمانى فى الدول العربية والامريكية والاوروبية (دراسه مقارنة)، المركز القومى للاصدارات القانونية- مصر، ٢٠٠٨.
١٣. د.وسيم حسام الدين الاحمد، الرقابة البرلمانية على اعمال الادارة فى النظام البرلمانى والرئاسى (دراسه مقارنة)، منشورات الحلبى الحقوقية- بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨.
١٤. صادق أحمد على يحيى، الاستجواب كوسيلة للرقابة البرلمانية على أعمال الحكومة- دراسه مقارنة، المكتب الجامعى الحديث، ٢٠٠٨.
١٥. د.حسين عثمان محمد عثمان، الرقابة على صحة عضوية البرلمان- دراسه مقارنة، الدار الجامعيه للطباعة والنشر- الاسكندرية، ١٩٩٠.

١٦. د.سامى جمال الدين، الطعون الانتخابية البرلمانية لعضوية مجلسى الشعب والشورى وفقا لتعديلات الدستور عام ٢٠٠٧ واحكام القانون والقضاء حتى عام ٢٠١٠، دار الجامعة الجديدة- مصر، ٢٠١١.
١٧. د.فتحى فكرى، القانون الدستورى- الكتاب الاول، دار النهضة العربية، ١٩٩٧.
١٨. د.رمضان محمد بطيخ، تزايد دور السلطة التنفيذية و أثره على الديمقراطية، القاهرة، دار الفكر العربى، ١٩٨٨.
١٩. عبدالحميد محجوب السقعان محمد، اللجان البرلمانية- دراسه مقارنة، دار النهضة العربية- ٢٠١٠.
٢٠. د.صبرى محمد السنوسى، الاختصاص بالفصل فى صحة العضوية البرلمانية وحدود اختصاص مجلس الشعب، دار النهضة العربية، ٢٠٠٠.
٢١. د.هادى على و د. مازن ليلو، دليل الصياغة التشريعة فى اقليم كوردستان، من منشورات مجلس شورى الاقليم، ٢٠١٨.
٢٢. الدور الرقابى للمجالس العربية، تقريرى برنامج الامم المتحدة الانمائى، المتاح على الموقع الالكترونى:
http:www.undp-pogar.org
٢٣. غازي ابراهيم الجنابي، دليل الصياغة التشريعية ، الموجود على الرابط:
https://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=65939 [Accessed 16 Apr. 2019]

## ڕێبەرەکان:

### عربي:


١. المعهد الديمقراطي الوطني (NDI). كيف يعمل النائب، المعهد الديمقراطي الوطني (NDI).بيروت، ٢٠٠٦.

٢. مجلس النواب العراقي، دليل الصياغة التشريعية، من منشورات مجلس النواب العراقي، بغداد،٢٠١٤.

٣. مكتب النائب الاول لرئيس مجلس النواب العراقي، دليل سير العمل فى جلسات مجلس النواب العراقى، الدائرة الاعلامية في مجلس النواب، بغداد،٢٠٠٨.

٤. آن سيدمان و روبرت سيدمان و نالين ابيسيكرى، دليل ارشادي للمشرعين، المعهد الديمقراطي الوطني (NDI).

٥. د. مصطفى ياغي وأخرون، دليل العمل البرلماني في الاردن، مؤسسة فريدريش ايربت، عمان،٢٠١٧.

٦. دليل مجلس النواب العراقى لسنة ٢٠١٠-٢٠١٤، منشورات مركز الهوية للتطوير الانساني،٢٠١١.

٧. دليل الممارسات البرلمانية،كتيب ارشادى، منشورات منظمه الامم المتحدة والاتحاد البرلمانى الدولى، بدون سنة نشر.


### كوردی:


١. ڕێبەری پەرلەمانتاران بۆ مافەکانی مرۆڤ، بڵاوکراوەی ڕێکخراوی یونامی ٢٠٠٥.

٢. ریبەری راگەیاندن بۆ ئەندامانی پەرلەمان بڵاوکراوەی ریکخراویIRI ، 2006.

٣. USAID، دليـــــل التشــــريع للمحافظـــــات العـــــراقيه، USAID،ط١، ٢٠١١.

**یاساكان:**

١. النظام الداخلی لمجلس النواب العراقی.
٢. دەستووری كۆماری عێراق ٢٠٠٥.
٣. یاســای هەڵبژاردنــی پەرلەمــانی كوردســتان ژ/١ی ســاڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو.
٤. پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمانی كوردستان ٢٠١٨.
٥. ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی كوردستان ٢٠٠٩.